




دەقی پەیامی مستەفا هیجری...

٤




پەیامی کەریم پەرویزی، ئەندامی...

٥



ڕۆڵی شاعیران و پێگەی ئەدەب...

٧



وتووێژی گۆڤاری "والاّپرێس" ...

٩



ئیسلامخوازەکان دوای مەشرووتە، لە ئێراندا

١١


دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردستـانی ئێـران

ژمارە ٦٢٢، سێشەممە، ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٢، ٤ی فێوریەی ٢٠١٤، ٥٠٠تمەن

www.kurdistanmedia.com


**دەقی پەیامی مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شاری سلێمانی**

لاپەڕە ٤

**پەیامی کەریم پەرویزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا**

لاپەڕە ٥

## پەیڤ

ناهید حسێنی

### دووی ڕێبەندان

٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ ٦٨ ساڵ بە سەر ئەو ڕۆژە مێژووییەدا تێپەڕ بوو کە لەودا بۆ یەکەمجار گەلی کورد لە بەشێکی خاکی باب و باپیرانیدا توانیی سەروەریی نەتەوەیی بە شکڵی دەوڵەتی مودێرن و لە قاڵبێکی دێمۆکراتیکدا دابمەزرێنێ. گەشانەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵەکانی شەری دووهەمی جیهانی دا، سەرەتا حیزبی دێمۆکرات و پاش خەباتێکی کورت خایەنی حیزب، دامەزرانی کۆماری کوردستانی لێ کەوتەوە کە لەو کاتەوە وەکوو ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی کوردستان دا دەدرەوشێتەوە.

چوارچێوەی جۆگرافیایی کۆماری کوردستان سنووردار بوو، بەڵام بەرنامە و ئاواتەکانی کۆمار هی هەموو کورد و بۆ هەموو کوردستان بوون. بۆیە لە ماوەی کورتی تەمەنی کۆماردا، مهابادی پێتەخت، کە ئەو دەم پتر وەکوو بازاڕۆکێکی پر لە حەز و هیوا بوو تا شارێکی گەورەی بە تایبەتمەندیی بە پێتەختبوونەوە، بوو بە ژوانگەی هەموو ئەویندارانی ئازادیی کوردستان لە باکوورەوە بگرە تا باشوور و ڕۆژئاوا.

کۆمار زۆر نەژیا، بەڵام ژیانێکی هەتا هەتایی لە هزر و بیری گەلی کورد دا دروست کرد. لە ماوەی کەمتر لە ١١ مانگ تەمەنی کۆماردا لە خوێندنگە و پەروەردە بە زمانی زگماکیەوە بگرە تا دامەزراندنی دام و دەزگای دەوڵەتی، سوپای نەتەوەیی و گەشاندنەوەی کولتوور و ڕۆژنامەگەری و دامەزراندنی پێوەندیی دۆستانە لە نێوان گەلانی هەرێم، لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیدا هەرێمی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا بوو بە نموونەی هەڵسانەوە و گەشە کردن.

ئێستا ٦٨ ساڵ دوای دامەزراندن و پتر لە ٦٧ ساڵ پاش هەڵوەشاندی لە لایەن دەوڵەتی دژ بە کوردی ئێرانەوە، یاد و دەستکەوتەکانی کۆمار بۆ ئازادیخوازانی ئەمڕۆ نموونەی لێ فێربوونن. مودێلی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی گەلان، مسۆگەرکردنی مافی کەمنەتەوەکانی دانیشتووی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئازادیی بێ سنوور بۆ دەربڕینی ڕا و بۆچوون، ڕێز گرتن لە لایەنی دیکە، پشووسواری و لە خۆبوردوویی، ژیان لە گەڵ دەرد و ئێش و ئازارەکانی خەڵک، خزمەتی سادقانە بە گەل و نیشتیمان تەنیا بەشێکن لەو دەرسانە.

# کۆماری کوردستان، سیمبۆلی سەروەریی نەتەوەیی



خەڵکی کوردستان لە شەست و هەشتەمین ساڵیادی دامـەزرانـی کـۆماری کوردستان لە مەهاباد، لەگەڵ ئامانجە پیرۆزەکانی دامەزرێنەرانی ئەم کۆمارەدا پەیمانیان نوێ کردەوە.

هـەر بـەم بـۆنـەوە ڕۆژی چوارشەممە، دووی ڕێبـەنـدان لـە شـاری سلێمانیش بە بەشداریی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەڕێوەچوو.

بەڕێز مستەفا هیجری لـەم ڕێوڕەسمەدا هاوکات لەگەڵ ئاماژە کردن بە گرینگی و دەستـکـەوتـەکـانـی کـۆمـاری کوردستان، گوتی: "پێویستە ئێمە چ وەك نەتەوە و چ وەك بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد" جگە لـە شـانـازی کـردن بـەو سـەردەمـە زێـڕیـن و پڕبەهایە، هـەوڵ بدەین بە خوێندنەوەیەکی زانستیانەی هۆکـارەکـانـی بیچم گرتن و سـەرکـەوتـنـی کۆماری کوردستان، لەچاو بارودۆخی ئەم سەردەمە، لە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی وانە فێر بین و ئەزمونی لێ وەرگرین.

هـەروەهـا لـە درێـژەدا گوتی: ڕێبازی پڕناوەڕۆك و پڕئەزموونی دێموکرات و کـۆمـار ئـێـمـەی فێری ئـەوە کـرد کە بـەردەوام بین لەسەر ڕێباز و ئامانجەکانی کـۆمـاری کـوردسـتـان کە ئەویش دیاریکردنی مافی چارەنووسە. شانازی دەکەین کە لە مـاوەی دەیـان ساڵی رابردوودا درێژەدەری خەبات لە پێناو جێگیر کردنی دیموکراسی و مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەکەمان بووین کە بنەماکانی کۆماری کوردستان لەسەر ئەوە بنیات نرابوو.

هەروەها ڕۆژی پێنج شەمە سێی ڕێبەندان، هـەر بـەم بـۆنـەوە ڕێـوڕەسـمێـك لـە بنکەی دەفـتـەری سیاسیی حیـزب بـە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەکان و بنەماڵەکانیان بەڕێوەچوو.

لە بەشێك لەم ڕێوڕەسمەدا کەریم پەرویزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامێکی پێشکەش کرد. کەریم پـەرویـزی لـە پەیامەکەیدا ڕاگەیەندراوی کـۆمـاری کوردستانی وەك ڕاگەیەندراوی سـەربـەخـۆیـی ئـەمـریـکا نـاودێـر کـرد کە هەرچەند لە سەردەمی خۆیدا لە ناوچەیەکی جوگرافیایی بچووك و بەرتەسکدا پێك هات، بەڵام چونکوو پەیامێکی گرنگ و مەزنی پێ بوو، بوو بە هێما و سێمبۆلێك بۆ نەتەوەی ئامریکا و کۆماری کوردستانیش هەر بەو شێوەیە بوو بە هێما و سیمبۆل بۆ نەتەوەی کورد.

لـە بەشێکی دیـکـەی ئـەم ڕێوڕەسمەدا پـەیـامـی یەکیەتییەکانی لاوان، ژنـان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن ئیلهام چایچی، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانەوە خوێندرایەوە.

هەروەها ڕێوڕەسمەکانی ڕێزلێگرتن لەم بۆنە پیرۆزە مێژووییە لە هەموو بەش و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و لەلایەن کوردەکانی سەرانسەری جیهانەوە بە شکۆیەکی تایبەتەوە بەڕێوەچوو.

## توورەیی ئیسرائیل لە وتەکانی جان کێری

وتەکانی جان کێری، وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا لە کۆنفرانسی موونیخدا توورەیی کاربەدەستانی ئیسرائیلی لێ کەوتەوە. جان کێری ڕۆژی یەکشەممە ئاگاداریی دا کە ئەگەر وتووێژەکانی فەلەستین و ئیسرائیل سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت، ئەوا ئیسرائیل لـەگـەڵ گـەمـارۆی نـێـونـەتـەوەیـی زیاتر بەرەوڕوو دەبێتەوە.

ڕۆژی یـەکـشـەمـمـە لـە کۆبوونەوەی حەوتووانەی هەیئەتی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ئورشەلیم، ئەندامانی کابینە وتەکانی جان کێرییان بە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ لە قەڵەم دا، هەڕەشەیەك کە مەبەستی ئەوەیە کە یان دەبێ پوان بدرێ بە فەلەستینییەکان یان تێچوویەکی زۆر بۆ ئەو پوان نەدانە بدرێت.

یـووال ئیستاینیتز، وەزیـری کاروباری ستراتیژیکی ئیسرائیل، لە وەڵامی وتەکانی جان کێریدا گوتی ئامادە نیە لە حاڵێکدا کە لوولەی چەکێك لەسەر سەری دانراوە، وتووێژ بکات. ئەو وتەکانی جان کێریی بە تێکدەرانە، نادادپەروەرانە و قبوڵنەکراو ناودێر کرد.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێ وتەکانی جان کێری بـەدەر لە گوتاری ئامادەکراو پێشکەش کراوە. بە وتەی بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، جان کـێـری دژبەری سەرسەختی گەمارۆی سەر ئیسرائیلە و تەنیا هێمای داوەتە بڕیارەکانی وڵاتانی دیکە. بۆ نموونە یەکیەتیی ئورووپا ماوەیەك لەمەوپێش هەڕەشەی ئەوەی کردبوو کە چی دیکە ئەو بەرهەمانە ناکڕێت کە لە شارۆچکە یەهوودییەکاندا بەرهەم دێن و بەشێکی زۆر لە کۆمپانییە ئوروپاییەکان پێوەندیی خۆیان لەگەڵ کۆمپانییە ئیسرائیلییەکانی کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری ئۆردۆن رادەگرن.

هـەروەهـا بنیامین ناتانیاهۆ سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، هەوڵدان بۆ سەپاندنی گەمارۆ بەسەر ئیسرائیلی بە "دژەئەخلاقی و نـادادپـەروەرانـە" نـاودێـر کـرد و گـوتی: "ئەوانەی گەمارۆ دەخەنە سەر ئیسرائیل بە ئامانجی خۆیان ناگەن".

## سوپای سووریە "بۆمبی بەرمیلی" دەڕژێنێت بەسەر شاری حەڵەبدا

هـێـلـیـکـۆپـتـەرەکـانـی سـووریـە لە هێرشەکانیان بۆ سەر شاری حەڵەب لە بـاکووری ئـەو وڵاتـە، جارێکی دیکە لە "بۆمبی بەرمیلی" کەڵکیان وەرگرت.

گـرووپـی چـاوەدێـرانـی مافەکانی مرۆڤی سووریە کە بنکەکەی لە لەندەن هـەڵـکـەوتـووە و لـە نزیـکـەوە چاوەدێری بەسەر ڕووداوەکانی سووریەدا دەکات، دەڵێ ڕۆژی یەکشەممە بە هـۆی هاوێشتنی بەرمیلی پڕ لە تەقینەوە و بەنزین لەلایەن هێلیکۆپتەرەکانی ئەو ڕێژیمەوە، لانیکەم ٨٥ کەس کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، گیانیان لەدەست داوە.

هێزەکانی بەشار ئەسەد لەم دواییانەدا هێرشێکی بـەربـڵاویـان بۆ داگیرکردنی تەواوی شاری حەڵەب دەست پێ کردووە.

زۆربەی هێرشە ئاسمانییەکانی سوپای سووریە بە مووشەکی ئێسکاد و بۆمبە بەرمیلییەکان بـووە و سـەدان بریندار و کـوژراوی لـێ کـەوتـووەتـەوە. گرووپەکانی لایەنگری مافەکانی مرۆڤ و دژبەری ڕێژیمی سووریە بە توندی ئەم هێرشانەیان مەحکووم کردووە.

لە هەمان کاتدا سێناتۆر جان مەککین، ئەندامی کۆماریخوازی سێنای ئەمریکا ڕەخـنـەی لـە سیاسەتەکانی ڕوسـیـە لە هەمبەر قەیرانی سووریە گرت.

جان مەککین لە پەراوێزی کۆنفرانسی موونیخدا گوتی: ڕووسیە بە دەستێکی یارمەتیی داماڵینی چەکە کیمیاییەکانی سووریە دەدات و بە دەستەکەی دیکەی چەك دەداتە ڕێژیمی ئەو وڵاتە.

تورکی ئەلفەیسەڵ، سەرۆکی پێشووی دەزگـای زانـیـاریـی عـەرەبـسـتـانـیش لە کۆنفرانسی موونیخدا گوتی: ڕێژیمی ئێران و ڕووسیە لە ڕووی چەك و چۆڵەوە یارمەتیی ڕێژیمی سووریە دەدەن.

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران به بۆنەی کۆتایی هاتنی پلینۆمی شەشەمی کومیتەی ناوەندی

ڕۆژانی ١٢ تا ١٤ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی (١ تا ٣ی مانگی فێوریيەی ساڵی ٢٠١٤ی زایینی) پلینۆمی شەشەمی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران به بەشداریی ئەندامانی رێبەری و نوێنەری کومیتەی حیزبی کاروباری دەرەوەی وڵات بەڕێوه چوو.

پلینۆم به خولەکێك بێدەنگی به یادی شەهیدانی کوردستان دەستی بەکار کرد و به دوای ئەودا سکرتێری گشتیی حیزب بەڕێز مستەفا هیجری دەستووری کاری پلینۆمی خسته بەر ڕای بەشدارانی پلینۆم و پاش پەسندکردنی، ڕاپۆرتێکی سیاسی پێشکەش کرد. ڕاپۆرتەکە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەشه جیاجیاکانی کوردستان و هەروەها ئەو حکوومەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوه له ماوەی نێوان دوو پلینۆمی دواییدا خستبووه بەرباس. دوای باسێکی تێروتەسەل له لایەن هاوڕێیانی بەشداری پلینۆمەوه پەسند کرا.

لەمەڕ ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕاپۆرت هێمای بۆ ناسەقامگیری بەشێك له وڵاتانی ئەو ناوچەیه کردبوو که به دوای ئاڵوگۆڕەکان که به بەهاری عەرەبی ناسراون ڕوویاندا، که له وڵاتانی وەکوو سووریه و چەند وڵاتێکی ئەفریقایی به شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامه و ماوەیەکی دەوێ که بۆ جارێکی دیکه سەقامگیری لەو وڵاتانەدا وەدی بێ، له ڕاپۆرتەکەدا ئەو ماوەیه به ماوەی تێپەڕین (گوزار) ناسرا بوو.

ڕاپۆرت لەسەر ئەو بۆچوونه بوو که دوو ڕێژیمی سووریه و ئێران ئەکتەری سەرەکین له ئاڵۆزییه سیاسییەکانی ناوچەکە:

ـ سووریه دوای دوو ساڵ کوشتار و وێرانی هەروا چەقی ئاڵوزی و شوێندانەری لەسەر ئاڵوگۆڕه سیاسییەکانی ناوچه به تایبەت وڵاتانی دراوسێیه. ئەگەر له سەرەتای دەسپێکردنی ئاڵوزی و نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئەو وڵاته و کوشتاری خەڵکی نارازی و وێران کردنی وڵات به فەرمانی بەشار ئەسەد کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بەشێك له وڵاتانی ناوچه به تایبەت تورکیه و عەرەبەستانی سعوودی خوازیاری لاچوونی بەشار ئەسەد له حکوومەت بوون و بۆ ئەو مەبەسته هەر لایەنه و به شێوەیەك یارمەتیی دەگەیانده ئوپۆزیسیونی سووریه، به درێژبوونەوەی ئەم وەزعه و دەستێوەردانی ئێران له ئاڵوزییەکانی ئەو وڵاته و گەیاندنی یارمەتیی هەمەلایەنه و جیددی به حکوومەتی بەشار ئەسەد له لایەك و کۆبوونەوەی ژمارەیەکی بەرچاو له ئەندامان و لایەنگرانی ئەلقاعیده له سوریه و شەڕکردنیان دژی سوپای سووریه و تەنانەت دژی سوپای ئازاد، بوون به هۆی پێکهێنانی گومان له داهاتووی سووریەو له ئاکامی ئەم ئاڵوگۆڕەدا یارمەتییەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئوپۆزیسیون کەم کرانەوه و دەستی بەشار ئەسەد بۆ سەرکوت و وێرانی ئاوەڵاتر بوو. ئەو وەزعییەته هۆی ئاڵوگۆڕ له سیاسەتی زۆربەی ئەو وڵاتانەدا بوو که بەرنامەی خۆیان لەسەر وەلانانی بەشار ئەسەد له دەسەڵات هەڵچنی بوو.

له لایەکی دیکەوه کۆماری ئیسلامی دوای ٢٥ ساڵ کار کردن لەسەر پیتاندنی یورانیۆم به مەبەستی دەست ڕاگەیشتن به چەکی ناوکی و سەرفی سەدان میلیارد دۆلار له داهاتی خەڵك لەو ڕاستایه، له ئاکامدا له بەرامبەر گەمارۆکانی ئەمریکا و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی به چۆکداهات و ڕۆژی ٢٤ی نوامبری ساڵی ٢٠١٣ی زایینی له ژنۆ به ناچار ملی ڕاکێشا بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەیەك که هەموو مەبەست و داخوازییەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەخۆ گرتبوو، له بەرامبەر ئەو به چۆکهاتنەدا، تەنیا هێندێك ئیمتیازی وردی وەرگرتبوو. بەم چەشنه هێندێك ئاڵوگۆڕ له سیاسەتی ئەو وڵاتانەدا پێکهات که پێوەندییەکانیان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران کەم کردبووه .

لەمەڕ وەزعی نێوخۆیی ئێران ڕاپورتەکە هێمای بۆ ئەو ڕاستییانه کرد که له ماوەی ٥- ٦ مانگی ڕابردوودا سەرکوت و زەبروزەنگ و زاڵبوونی فەزای ئەمنییەتی، بێکاری، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بێداهاتی خەڵك، گرانی، نەخۆشییه کۆمەڵایەتییەکان که ئاکامی سیاسەتی ڕێژیمن هەروا له پەرەسەندندان، ژمارەی ئیعدامییەکان زیاتر بوو، به پێچەوانەی وەعدەکانی ڕووحانی له کاتی هەڵبژاردندا ڕەوتی ڕووداوەکان به پێچەوانەی ئەو بەڵێنانه دەچنه پێش. به کورتی تەسلیم بوونی کۆماری ئیسلامی لەبەرامبەر ڕۆژئاوا، به قیمەتی سەرکوت و نەهامەتیی زیاتری خەڵك له نێوخۆدا بووه.

ڕاپۆرتەکە باسی لەسەر چڕبوونەوه و زیاتربوونی ئیعدام و زندانی کردنی تێکۆشەران و مافخوازانی گەلی کورد له کوردستانی ئێراندا کردبووەوه و ئەو ڕاستییەی بۆ جارێکی دیکەش هێنابوه ئاراوه که گەلی کورد و باقی نەتەوه مافخوازەکان به زەبر و زەنگ و تۆقاندن ورەیان بەر نەداوه و بەربەرەکانێ دژی ڕێژیم بۆ به دەستهێنانی مافه ڕەواکانیان هەروا بەردەوامه.

له بەشێکی دیکەی ڕاپورتەکەدا ئاوڕدانەوەیەك له پرسی کوردو دوایین ئاڵوگۆڕەکان لەسەر بەشه جیاجیاکانی کوردستان دابووەوه و لەسەر ئەو بڕوایەیه که:

له کوردستانی سووریه دەرفەتێکی گونجاو خولقاوه که ئەگەر کوردەکانی ئەو بەشه به وریایی و یەکگرتووانه بەرەو پیری بچن و بەرنامەیەکی شیاوی بۆ دابنێن دەتوانن داهاتوویەکی باش بۆ ئەو بەشه دابین بکەن، سەبارەت به ڕاگەیاندنی کانتۆنەکانی ئەو بەشه بۆ ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی، پلینیوم لەو باوەڕەدا بوو که:

ـ سپاردنی ئیداره و بەڕێوەبەری هەرکام له بەشەکانی کوردستان به خەڵکی خۆجێیی له ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد، یەکسان و دێموکراتێك و کورتکردنەوەی دەستی زۆرداری دیکتاتۆرەکان لەسەر کوردستان ویستێکی ڕەوا و دێموکراتیکی خەڵکه و حیزبی دێموکرات پشتیوانیی لێ دەکا.

ـ له هەمان حاڵدا نیگەرانی خۆی دەردەبڕێ له هەر چەشنه خۆسەپاندن و تاکڕەوی لەو پێوەندییەدا له لایەن هەر گرووپ و حیزبیکەوه بێ، چوونکه ئەم شێوه هەڵسوکەوته به قازانجی خەڵك تەواو نابێ و دەبێته هۆی لەدەست چوونی دەرفەتەکان.

ـ جگه لەوانه، له ئیداره و ناساندنی ئەو کانتۆنانەدا هیچ هێما و نیشانەیەکی کوردستانی و نەتەوەیی بەدی ناکرێ. بۆیه پلینۆم هیواداریی دەربڕی که خۆشك و براکانمان لەو بەشەی کوردستاندا به ڕۆحێکی دێموکراتیك و دوور له هەر چەشنه پاوانخوازی و زەقکردنەوەی بەرژەوەندیی حیزبی لەبەرامبەر بەرژەوەندی نەتەوەییدا هەنگاو بنێن و له دەرفەته لەبارەکانی کەڵکی شیاو وەربگرن.

له کوردستانی باشوور سەرەڕای ئەوەی هەڵبژاردنێکی جێگای پەسەند بۆ دیاریکردنی نوێنەرانی پارلمان به سەرکەوتوویی لەو ماوەیەدا کۆتایی پێ هات، بەڵام وەدواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەت بووته هۆی نیگەرانیی دانیشتوانی ئەو بەشەی کوردستان و هەموو دلسۆزانی کورد.

بەڵام ئەوەیکه زۆرتر جێگای نیگەرانی پلینوم بوو دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لەو بەشەی کوردستان و له نێو هێندێك حیزب و لایەنەکان بوو که له ئێستادا ئاشکراتر خۆی دەنوێنی. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران به پێی شارەزایی و ئەزموونی ٣٥ ساڵەی لەگەڵ ریژیمی کۆماری ئیسلامی لای ڕوونه که ئەو ڕێژیمه دژی کورده و سەقامگیری و ئاشتی بۆ کوردستان ناوێ و دەستێوەردانەکانی ئەو ڕێژیمه بۆ نانەوەی ئاژاوه، دووبەرەکی و تێکدانی ئەم وەزعەیه که له کوردستانی باشوور هاتوونەته ئاراوه و بووەته چقڵی چاوی و به هەموو شێوەیەك له دژی پیلان دەگێڕێ، بۆیه پلینۆم هیوای دەربڕی که حکوومەتی هەرێم و حیزبەکانی ئەو بەشه به چاوکراوەیی و وریاییەوه بڕواننه کۆماری ئیسلامی و هەڵسوکەوتەکانی لەم بەشەی کوردستان.

پلینۆم سەبارەت به کوردستانی باکوور لەو باوەڕەدا بوو، که پڕۆسەی ئاشتی که نێزیك به ساڵێك لەمەوپێش له نێوان حکوومەتی تورکیەو P.K.K هاتوەته ئاراوه، بەڵام هەروەك پێشتر نیگەرانی حیزبی دێموکرات دەربڕابوو، ئێستاش زۆر به لاوازی دەچێته پێش و هیوادارین که ڕەوتی ئاشتی لەو بەشەی کوردستان بەرەو دابینکردنی مافه نەتەوەیی‌و سیاسییەکانی کورد بچێته پێش.

پلینۆم هیوای دەربڕی که لایەنەکانی ئەم پڕۆسەیه به تایبەت حکوومەتی تورکیه هەنگاوی جیددی له راستای چارەسەر کردنی ئەم پرسه هەڵبگرن.

له بەشێکی دیکەی کاری پلینۆم گەلاڵەکانی حیزب و هاوڕێیانی پێشوو سەبارەت به یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات خرایه بەرباس و دوای لێکدانەوه، پلینۆمی شەشەم بەو ئاکامه گەیشت که:

حیزبی دێموکرات ئامادەیه وتووێژەکانی به مەبەستی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو لەسەر ئەو بنەمایانه درێژه بدا:

١ـ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی پێشوو لەسەر بنەمای پەسندکراوەکانی کۆنگرەی سێزده، دوایین کۆنگره پێش له جیابوونەوه که له لایەن هەمووانەوه پەسند کراوه. ئەو پەسند کراوانه ناو، ئارم و هەموو ئەو پێناسانەی حیزب له خۆ دەگرێ که لەو کاتەدا دەنگی بۆ دراوه.

٢ـ باقی وردەکارییەکانی پێویست که یەکریزی حیزب بەهێز دەکەن، هەروەها چۆنیەتی ئامادە کردنی کۆنگرەی هاوبەش پێویسته پێش کۆنگره تەوافوقی لەسەر بکرێ و کۆنگرەی داهاتوو به ڕەوالی عادی به مەبەستی دیاریکردنی سیاسەتی گشتی که له راپۆرتێکی سیاسیدا پێشکەش به کۆنگره دەکرێ و دەنگی بۆ وەردەگیرێ، پەسند کردنی بەرنامه و پێڕەوی نێوخۆ و هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەرایەتی پێك دێ و هەموو لایەك پابەند دەبن به بڕیارەکان و پەسندکراوەکانی کۆنگره.

له کۆتایی کاری پلینۆم، کۆمەڵێك خاڵی تەشکیلاتی و ئورگانیی حیزبی لەسەر ئەساسی پێشنیاری دەفتەری سیاسی خرانه بەرباس و بڕیاری پێویستیان لەسەر درا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٣٩٢/١١/١٥ی هەتاوی
(٤ /٢/٢٠١٤ی زایینی)

## ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی ڕێوڕەسمێك بەبۆنەی ٦٨ەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان به بەشداریی "مستەفا هیجری "سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران له شاری سلێمانی بەڕێوەچوو. ڕێوڕەسمەکە به خوێندنی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێك بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن له گیانی پاکی شەهیدان و هەروەها بەخێرهاتن کردنی میوانان لەلایەن "محەممەد ساحیبی" بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب له شاری سلێمانی، دەستی پێ کرد. پاشان " مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٦٨ەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. دواتر سروودێك لەژێر ناوی "ترۆپکی رزگاری" لەلایەن کۆڕی مووزیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوه خوێندرا و دوابەدوای ئەوەش شێعرێك لەژێر ناوی "وشکە سەما" لەلایەن "ناهید حوسێنی"یەوه پێشکەش کرا. ڕێوڕەسمەکە به خوێندنی گۆرانی لەلایەن هونەمەندان "غوڵام فاتحی و ئازاد مستەفا پوور" و "هونەرنەمایی سەنتەری لوڕ" و شایی و هەڵپەڕکێی بەشداران کۆتایی پێهات.

## ڕێوڕەسمی جێژنی ٢ی ڕێبەندان لە ناوەندی ١ی کوردستان بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٤ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان ٦٨ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان به ئامادەبوونی کادر و پێشمەرگه و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له ناوەندی ١ی کوردستان بەڕێوەچوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە به سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و خولەکێك بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن له گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کوردستان دەستی پێکرد. له بەشی یەکەمی ئەو ڕێوڕەسمەدا "تاهیرکەسیلی" ئەندامی کۆمیته ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیامی ناوەندی ١ی کوردستانی بەو بۆنەوه پێشکەش کرد. له بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا سروودێك لەژێر ناوی "هاتەوه ٢ی ڕێبەندان"، لەلایەن کۆڕی مووزیکی ناوەندی ١ی کوردستانەوه پێشکەش کرا. پاشان پەیامی هاوبەشی کۆمیتەی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران له ناوەندی ١ی کوردستان، لەلایەن "بەهار رۆستەمی" ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتەوه خوێندرایەوه. له بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا شانۆیەك لەلایەن "ڕەفیق میری"یەوه نمایش کرا و دوابەدوای ئەوەش شێعرێك لەلایەن ناصح خاکی"یەوه خوێندرایەوه.له بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا گۆرانییەکی فولکلۆر لەلایەن "سەعید باغی"یەوه خوێندرا.

پاشان پەیامی هاوبەشی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران له کەمپی "قوشتەپه" لەلایەن "عوسمان کەرەمی"یەوه خوێندرایەوه و دوابەدوای ئەوەش شێعرێك لەلایەن "زریوه خاکی"یەوه پێشکەش کرا. ڕێوڕەسمەکە به شایی و هەڵپەڕکێی بەشداران کۆتایی پێهات.

## ڕێوڕەسمی ٦٨ەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ناوەی ٣ی کوردستان بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی ٦٨ەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان له ناوەندی ٣ی کوردستان به خوێندنی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێك بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی ناوەندی ٣ی کوردستان لەلایەن "سەدیق دەرویشی" ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی ناوەندی ٣، پێشکەش کرا. دواتر سروودێك لەژێر ناوی "ڕێباز" که لەلایەن منداڵانی ناوەندی نێرگز سەربه بەشی پەروەردەی ناوەندی ٣ی کوردستان پێشکەش کرا و دوابه دوای ئەوەش پەخشانێك لەلایەن "خالید پارێاد"ەوه خوێندرایەوه. پاشان مەقامێك لەلایەن هونەرمەند "فەتاح سەبزەواری"یەوه خوێندرا. له بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، پەیامی هاوبەشی کۆمیتەی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران له ناوەندی ٣ی کوردستان لەلایەن "محەممەد ڕەسووڵی"یەوه خوێندرایەوه. دواتر سروودی "ڕێبەندان" که لەلایەن کۆڕی مووزیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوه ئامادە کرابوو، پێشکەش کرا. ڕێوڕەسمەکە به گۆرانیی هونەرمەند فەتاح سەبزەواری و شایی و گۆڤەندی بەشداران کۆتایی پێ هات.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## لە ورمێ پێشگیری لە بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ تابلۆ بازرگانییەکان دەکرێ

سازمانی بازرگانیی پارێزگای ورمێ لە بڕیارنامەیەکدا بۆ ڕێکخراوی بازرگانیی شارستانەکانی ئەو پارێزگایە، بەکارهێنانی زمانی کوردیی بۆ تابلۆکان قەدەغە کرد. لەو بڕیارنامەیەدا وێڕای ئاماژە بە ماددەی ٢٨ی ئایین نامەی شوێنە گشتییەکان، پەسندکراوی هەیئەتی دەوڵەت، بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریی شوێنە گشتییەکان و فەرماندەهیی هێزی ئینتزامیی پارێزگای ورمێ، ئەرکدار کراوە کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو یاسایە، زمانی فارسی بۆ نووسراوەی سەر تابلۆ و شووشە و سەر درگای دووکانەکان بەکار بهێنن. ئەو بڕیارنامەیەی ڕێکخراوی بازرگانیی پارێزگای ورمێ بۆ ئیدارەی بازرگانیی شارستانەکانی خۆی، ماکۆ، نەغەدە، مەهاباد، میاندواو، سەردەشت، پیرانشار، بۆکان، تیکاب، سایینقەڵا، سەڵماس، شنۆ و چاڵدوران، نێردراوە.

## دانیشتوانی قەرەگۆل یادی قوربانییانی کۆمەڵکوژیی دەیەی شەستیان بەرز راگرت

ڕێکەوتی ٦ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، دانیشتوانی گوندی قەرەگۆل و دەوروبەری، لەسەر گڵکۆی شەهیدانی کۆمەڵکوژیی دەیەی ٦٠ کۆبوونەوە و ئەو یادەیان بەرز راگرت. دانیشتوانی گوندی قەرەگۆل لە ناوچەی "چۆمی مەجیدخان" ئەو ڕێپێوانەیان بە شێوەی سەمبۆلیك ئەنجام داوە و مەودای نێوان کۆنەپایگای ڕێژیم و ئەو گوندەیان بڕیوە. بەشێکی زۆر لە خەڵکی گوندەکانی ناوچەی چۆمی مەجیدخان، لە ساڵڤەگەڕی قوربانییانی کۆمەڵکوژیی خەڵکی گوندی قەرەگۆل و سەرچنار، لە سەر گڵکۆی قوربانییانی ئەو کارەساتە کە لەلایەن ڕێژمی ئیسلامیی ئێرانەوە ئەنجام درابوو، ئامادە بوون.

## عەدنان حەسەن پوور دوای ٧ ساڵ دەستبەسەری لە مافە سەرەتاییەکانی بێبەرییە

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، بەرپرسانی قەزایی ـ ئەمنییەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە پاریزگای سنە سەرەڕای ئەوەی دژایەتیان لەگەڵ مەرەخسی عەدنان حەسەن پوور رۆژنامەنووسی کورد دەربڕیوە، ڕێگرییان لە چاوپێکەوتنی حوزووری لەگەڵ بنەماڵەکەی و هەروەها پێڕاگەیشتنی پزشکیشی لەدەرەوەی زیندان کردووە. عەدنان حەسەن پوور بەپێشینەترین رۆژنامەنووسی زیندانییە و بێبەری کردنی لەمافی یاسایی مەرەخسی لەحاڵێکدایە کە ماوەی ٧ ساڵە لە گرتووخانەی ناوەندیی شاری سنە لەحاڵی تێپەڕاندنی حوکمەکەیدایە. عەدنان بە دەست چەندین نەخۆشی وەکوو ڕێخۆڵە و نەخۆشی پووك و ددانەوە دەناڵێنێ و دۆخی تەندروستی زۆر نالەبارە.

## دوو کۆڵبەری کورد بە هۆی تەقینەوەی مین لە سنووری بانە بوونە قوربانی

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندان دوو کۆڵبەری کورد بەهۆی تەقینەوەی مینی بەجێماوی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق لە سنووری شاری بانە بۆ هەرێمی کوردستان، تووشی کەمئەندامی و برینداری بوون. لە نزیك خاڵی سنووریی بانە مینێك لەژێر لاقی کۆڵبەرێك بەناوی فوئاد ڕۆستەمی تەمەن ١٩ ساڵ کوڕی ڕەشید و خەڵکی گوندی ساڵحاوای سەربە شاری سەقز تەقییەوە و بەو هۆیەوە لاقی ڕاستی لەدەست داوە.

هەروەها کۆڵبەرێکی دیکەش بەهۆی تەقینەوەی ئەو مینە دەستی بەتوندی بریندار بووە و لەلایەن کۆڵبەرەکانی دیکەوە بۆ نەخۆشخانەی شاری بانە ڕاگوێزراوە.



## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە نەخۆشخانەیەکی شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، مەحموود محەممەدی کوڕی ئەحمەد ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەڵکی گوندی "کۆڵەسە"ی سەربە شارستانی جوانڕۆ لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی لە هەرێمی کوردستان کۆچی دوایی کرد. ناوبراو کەسێکی دڵسۆز و نیشتمانپەرەر بوو و هەتا دوا ساتەکانی ژیانی بە ڕێبازی حیزب وەفادار مایەوە و ئەرکە حیزبییەکانی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە جێبەجێ دەکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە خزم و کەس و بنەماڵەکەی دەکات و خۆی لە خەمیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## کۆچی دوایی ئەندامێکی لە مێژینەی حیزب لە ناوچەی پیرانشار

ڕێکەوتی ٣ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، "ڕەسوڵ ڕەسوڵی" ئەندامی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا لە ئاوایی "کانیە شینکێ"ی ناوچەی "بەری مێرگان"ی پیرانشار، پاش چەند ساڵ بەربەرەکانێ لەگەڵ نەخۆشی، کۆچی دوایی کرد. کاك ڕەسوڵ هەر لە تەمەنی لاویەتیدا پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرت و پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران وەك زۆربەی ئەندامە دێرینەکانی حیزب لەو ناوچەیە پێوەندی بە حیزبەوە گرتەوە و تێکۆشانی خۆی لە ریزەکانی تەشکیلاتی حیزبدا دەست پێکردەوە. تەرمی کاك ڕەسووڵ ڕەسووڵی لە نێو ئاپۆرای خەڵکی "بەری مێرگان"دا بە خاك ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## باوکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بۆکان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٨ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، حاجی ساڵح ساڵحی ئەسڵ باوکی ناسر ساڵحی ئەسڵ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەهۆی وەستانی دڵییەوە لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.حاجی ساڵح کەسێکی خۆشناو و جێی متمانەی ناسیارانی بوو و چەندین جار لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە بەهۆی ئەوەی کە کوڕەکەی لە ریزی پێشمەرگەی کوردستاندا بوو، دەسبەسەر و ئازار و ئەشکەنجە کراوە. ناوبراو هەمیشە ڕۆڵەکەی هان دەدا کە پێشمەرگە بمێنێ و بە سەربەرزییەوە بژی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك ناسر دەکات و خۆی لە پەژارەیاندا بە شەریك و هیوای سەبوورییان بۆ دەخوازێت.

## دایکی شەهیدێکی ڕێگای رزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، "مریەم بانەیی" دایکی شەهید "عەبدوڵڵا بەزایی" خەڵکی گوندی "زێوە"ی سەربە شارستانی پیرانشار بەهۆی پیری کۆچی دوایی کرد. شەهید عەبدوڵڵا بەزایی، ساڵی ١٣٧٤ لە ناوچەی شنۆ شەهید بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێ.

## کەسایەتییەکی وڵاتپارێزی کورد لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، حاجی ڕەحیم خەڕازی یەکێك لە کەسایەتییە وڵاتپارێزەکانی شارستانی مەهاباد و دۆستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەو شارەدا کۆچی دوایی کرد. ناوبراو وەکوو یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە لە سەرخستی دۆزی گەلەکەماندا، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە یارمەتیدانی شۆڕش لە باری ماددی و مەعنەوییەوە هەبوو. تەرمی حاجی ڕەحیم لەنێو ئاپۆرای خەڵکی شاری مەهابادا بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## کەسایەتییەکی وەرزشی و کۆمەڵایەتیی کورد لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٤ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، کەسایەتییەکی وەرزشی و کۆمەڵایەتیی، خەڵکی شاری مەهاباد بەناوی "ئیسماعیل شەرافەتی" بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. ئیسماعیل شەرافەتی یەکێك لە بەپێشینەترین کەسە دیارە وەرزشییەکانی رشتەی فووتباڵ لە مەهاباد دا بوو، کە چەندین ساڵ بوو، تەمەنی خۆی بۆ خزمەتکردن بە گەل و نەتەوەکەی تەرخان کردبوو. شەرافەتی یەکەمین ڕاهێنەری وەرزشیی شارستانی مەهاباد بووە کە بڕوانامەی ڕاهێنەریی A لە ئاسیادا وەرگرتووە. ناوبراو برایەکی بەناوی "عەلی جەهانگیری" لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا شەهید بووە. عەلی جەهانگیری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە مەهاباد لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە ئیعدام کراوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری ناوبراو دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای رزگاریی کوردستان لە سەڵماس کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٩ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، "مام عەبدوڵڵا ئەمینی" باوکی شەهید "کەماڵ ئەمینی" خەڵکی گوندی "پیرانجوق"ی سەربە شاری سەڵماس، لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. مام عەبدوڵڵا بەهۆی ئازار و ئەشکەنجەی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەناچار زێدی خۆی بەجێ هێشتبوو و لە گوندی "هەرەتیس" لە کوردستانی تورکیە نیشتەجێ ببوو. شەهید کەماڵ ئەمینی ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە ئاوایی پیرانجوق لە دایك بوو. ناوبراو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە لە ڕێکەوتی ١ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لە شوێنێك بەناوی "دریشك" تیرۆر کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکا و خۆی لە خەمیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای رزگاریی کوردستان لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد

"محەممەد سوڵتانی ساڵحە باریکە" باوکی شەهید "حوسێن ساڵحە باریکە" بەهۆی پیری لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. شەهید حوسێن ساڵحە باریکە پێشمەرگەی لکی ٢ی هێزی شەهید پێشەوا بوو کە لە ڕێکەوتی ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٦٠ی هەتاوی، لە بەرەنگاربوونەوەیەکی هێزەکانی دوژمن کە لە مۆڵگەی "خەتایی" مۆڵ درابوون، شەهید کرا.تەرمی محەممەد سوڵتانی لە گوندی ئاتابڵاغی زێدی لە دایك بوونی بە خاك سپێردرا.ناوبراو کەسایەتییەکی ناسراو و خۆشناوی ناوچەی چۆمی مەجیدجان بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکات و خۆی لە خەمیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی هەوشار شەهید کرا

ڕێکەوتی ٢٨ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەناوی "ئەلیاس نووری" کوڕی حوسێن تەمەن ٢٧ ساڵ و خێزاندار، خەڵکی گوندی "مەمەر"ی سەربە ناوچەی هەوشار، لە کاتی بەڕێوەبردنی مەئموورییەتی حیزبی لە بەرەبەری ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە لایەن هیزەکانی ڕێژیمەوە لە کاتی بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی و بڵاوکردنەوەی تراکت و پووستێر بەبۆنەی ٦٨ەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان، شەهید کرا و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی ڕێگای رزگاری و سەربەستیی کوردستان بوو. هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەو گوندە ئەو ئەندامەی حیزبی دێموکراتیان خنکاندووە و شەهیدیان کردووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری شەهید ئەلیاس دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و هیوای سەبوورییان بۆ بە ئاوات دەخوازێت.

# دەقی پەیامی مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شاری سلێمانی

زۆر خۆشحاڵم کە ئەوڕۆ هاوڕێ لەگەڵ ئێوە خۆشەویستان لە سلێمانی، شاری شێخ محموودی نەمر، پێتەختی ڕووناکبیریی باشووری کوردستان، یادی ٦٨ەمین ساڵی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەرز ڕادەگرین.

بەڕێزان!

هەروەك ئاگادارن ٦٨ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، کۆماری کوردستان بە هەوڵ و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە سەرۆکایەتیی نەمر پێشەوا قازی محەممەد لە شاری مهاباد دامەزرا.

تەمەنی ئەو کۆمارە کەمتر لە ساڵێك بوو، بەڵام دەستکەوت و کاریگەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغی پرشنگداری کۆماری کوردستان بۆ نەتەوە و مرۆڤی کورد زۆر بوون و زۆر جاریش باسیان لێکراوە، بۆیە زۆر بە کورتی ئیشارە بە چەند خاڵێك لەو پێوەندییەدا دەکەم:

ـ بە دامەزرانی کۆمار لە مێژووی نوێی کورددا "سیاسەت" بە "عەقلانی" دەکرێت، ئەویش لە ڕێگەی دامەزراندنی دامودەزگا و دامەزراوەی مۆدێرنی حوکمرانی و ڕەوایی پێدانی ئەو دەسەڵاتە لە لایەن خەڵکەوە، هەروەها کارکردنی سیاسی لە چوارچێوەی سیستمێکی مۆدێرن کە حیزبی سیاسی یانی (حیزبی دێموکراتی کوردستان)ە، ئەم شێوە دەسەڵاتدارییە لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورددا دیاردەیەکی زۆر سەردەمیانەیە.

ـ بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ڕوانگەی نۆی لەسەر حکوومەت و حوکمرانی و جەختکردنەوە لەسەر "مافی دیاریکردنی چارەنووس" لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئاگایانەو وشیارانەی تاکەکانی کورد.

ـ بەرجەستە کردنی ئازادییە گشتییەکان، بەتایبەت ئازادیی ڕادەربڕین و پێکهێنانی ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە جیاجیاکان.

ـ پەرەپێدانی ڕووحییەی ناسیونالیستی لەسەر بنەما و ڕەگەزە دێموکراتیکەکانی، بەهێزکردنی وەفاداری و پابەندبوونی سیاسیی تاکەکان و هێز و گرووپەکان بۆ دەسەڵاتی کوردی لە بری وەفاداری بۆ تاك یان بنەماڵە و عەشیرەت و ناوچەیەك.

ـ چاپکردنی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆراوجۆر بە زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی نەخوێندەواری.


ـ هەڵکردنی ئاڵا و دەستنیشانکردنی سروودی نەتەوەیی وەك هێماکانی مۆدێرنی نەتەوەیی.

ـ گرینگیدان بە گەشەپێدانی مرۆیی لە ڕێگەی خوێندەوارکردن و پەروەردەکردن و هەناردەکردنی "خوێندکار" بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی خوێندن بۆ بونیاتنانەوەی کوردستان و دەیان دەستکەوتی گرینگی دیکە.

بەم هۆیانە و زۆر هۆی دیکەوە، ٢ی ڕێبەندان ئەو قۆناغە لە مێژووی نەتەوەکەمانە کە بوەتە بەشێك لە بیرەوەریی بەکۆمەڵی کورد لە هەموو پارچەکان و بۆ هەموو کوردێك بووەتە بنەمایەکی مۆدێڕن بۆ ناسنامەی نەتەوەیی کە ئایدیاکانی لە سەردەمی هاوچەرخدا بەرجەستە دەکاتەوە. بەڵام پێویستە ئێمە چ وەکوو نەتەوە و چ وەکوو بزووتنەوەی ڕزگاریخواز، جگە لە شانازیکردن بەم قۆناغە مێژووییە پڕبایەخە، هەوڵ بدەین بە خوێندنەوەی زانستی بارودۆخ و هەلومەرجی ئەو سەردەمە، هۆکارەکانی درووستبوون و سەرکەوتنی ئەو کۆمارە و تێکشکانی، لە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی دەرس وەربگرین.

هۆکارەکانی شکستی کۆماری کوردستان بێجگە لە هۆکارە نێوخۆییەکان کە زۆر باسی لەسەر کراوە، پێویستە لە هۆکارە پێکهاتەییەکاندا بدۆزینەوە، بەتایبەت کاریگەریی ململانێی زلهێزەکان دەتوانین لێرەدا بە کاریگەریی "پێکهاتەی سیستمی نێونەتەوەیی" پێناسە بکەین کە لە پاڵ هۆکارە نێوخۆییەکانی ئێران و کوردستاندا، ڕۆڵی کاریگەریان لە کۆتایی پێهێنانی ئەو کۆمارە گێڕاوە.

**٢ی ڕێبەندان ئەو قۆناغە لە مێژووی نەتەوەکەمانە کە بوەتە بەشێك لە بیرەوەریی بەکۆمەڵی کورد لە هەموو پارچەکان و بۆ هەموو کوردێك بووەتە بنەمایەکی مۆدێڕن بۆ ناسنامەی نەتەوەیی کە ئایدیاکانی لە سەردەمی هاوچەرخدا بەرجەستە دەکاتەوە**



ئێمە ئەمڕۆکە دەتوانین باشتر خوێندنەوە بۆ هۆکارەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان و هەروەها گەمەی زلهێزەکان و ڕۆڵ و پێگەی کورد لەو ململانێیانەدا بکەین.

بە لێوردبوونەوە لە ئاڵوگۆڕەکانی پاش هەردوو شەڕی جیهانیی یەکەم و دووهەم و ئاڵوگۆڕ لە ئەکتەرەکانی ناوچەیی و نێونەتەوەیی، لە ناوچوون و هەڵوەشانەوەی هێندێك وڵات و یان لاوازبوونیان لە لایەك و هاتنە سەرشانۆی هێندێکیتر ئەکتەری نوێ لە لایەکی دیکەوە، پێکهاتەی سیستمی نێونەتەوەیی گۆڕانی بەسەردا هات، بەو واتایە کە لە پێکهاتەی سیستمی هاوسەنگیی هێزەوە گۆڕدرا بۆ پێکهاتەی سیستمی دوو جەمسەری، بەڵام خاڵی جێگەی سەرنج و تێڕامان ئەوەیە کە لە فەترە زەمەنی نێوان ئەم ئاڵوگۆڕانەوە تاکوو شکڵگرتن و پێکهاتنی پێکهاتەی سیستمی نوێی نێونەتەوەیی کە کاریگەریی لەسەر جۆری گەمەکان و سیاسەتی نێونەتەوەیی و تەنانەت ژمارە و جۆری ئەکتەرەکان (دەوڵەت یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان) هەیە، بۆشاییەك درووست بوو کە دەرفەتی بۆ ئێمەی کوردیش ڕەخساند قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆی نەتەوەیی (واتا کۆماری کوردستان) درووست بکەین. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و جێگیربوون یان تەسبیت بوونی ئەو پێکهاتە نێونەتەوەییە، ئێمە دەبینین کە کۆتایی بە کۆماری کوردستانیش دێت و جۆری ململانێ، ڕێسای گەمەی نێونەتەوەیی و ژئوپۆلیتیکەکان و سیاسەتی نێونەتەوەیی، گۆڕانی بەسەردا دێت. لەم نێوەندەدا "کورد" وەکوو ئەکتەر یان بکەرێکی ناوخۆیی یان ناوچەیی، پەراوێز دەخرێت و دەبێتە قوربانیی جێگیربوونی پێکهاتەی سیستمی دووجەمسەری و ململانێی زلهێزەکان و بە گشتی سیاسەتی نێونەتەوەیی.

مێژووی ئەو دوو جەمسەرییە و ئەزموونی سەردەمی شەڕی سارد ئەوەی سەلماند کە لە چوارچێوەی پێکهاتەیی ئەو سیستمە نێونەتەوەییەدا مافەکانی نەتەوەی کورد لەو ناوچە هەستیارەی کە کوردی تێدایە، دەستەبەر نابێت و بەرژەوەندی و ململانێ نێونەتەوەییەکان لە سەرووی هێز و ئیرادەی کوردەوەیە، بەڵام بە کۆتایی هاتنی ئەم سیستمە دوو جەمسەرییە و هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت، دیسان چەندین قەوارە و دەوڵەت یان ئەکتەری نوێ دێنە ناو گۆڕەپانەکە و ڕێسای گەمەکانیش گۆڕانی بەسەردا دێت، بەم پێیەش کۆمەڵێك نۆرم و بەهای نوێ و دەرفەت بۆ نەتەوە ژێردەستەکان دێنە ئاراوە. بنەمای دەستێوەردانی مرۆیی و بەرپرسیارەتیی پاراستنی نێونەتەوەیی لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ دێتە کایەوە، پرسی "دێموکراسی" و "مافی دیاریکردنی چارەنووس" دەبێتە پرسێکی جیهانی. هەروەها سروشتی ململانێ ژئوپۆلێتیکییەکانیش دەگۆڕدرێت، لە ئاکامی ئەو گۆڕانەدا دەرفەتێکیش بۆ کورد لە بەشێك لە کوردستان (باشووری کوردستان) دەڕەخسێت و کوردیش سوودی لێ وەردەگرێت.

خاڵی جێگەی سرنج لێرەدا ئەوەیە کە لە ناوەندە زانستییەکانی سیاسەت و پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم قۆناغە بە قۆناغی ئینتیقالی یان گوزار و گواستنەوە دەناسرێت، لەم قۆناغەدا هێشتا پێکهاتەی سیستمی نێونەتەوەیی شکڵی نەگرتووە و ڕوونیش نییە کە دەبێتە چ سیستمێك، بەم پێیەش ئاڵوگۆڕ لە ڕێسا و یاساکانی سیاسەتی نێونەتەوەیی و دابەشبوونی هێز و تەنانەت گۆڕانکاری لە ڕێژیمە سیاسییەکان و هاتنە ئارای ئەکتەری نوێ هەر بەردەوامە، ئێمە ئیمرۆکە ئەو ڕاستییە لە ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە سووریا، تورکیا و عێراقدا بە ڕوونی دەبینین.

لێرەوەیە کە ئەزموونی ڕووخانی کۆماری کوردستان بۆ ئێمە لەگەڵ ئەو خوێندنەوانەدا کە بە خێرایی باسمان لێوە کرد گرێ دەدرێت و هانمان دەدات کە بە پێی ئەو ڕاستییانە ڕوانگە و سیاسەتی خۆمان دابڕێژینەوە و ڕابیگەیێنین کە دەرفەتی لەباری مێژوویی بۆ ئێمەی کورد هاتووەتە ئاراوە، کورد وەکوو ئەکتەرێکی ناوچەیی لەم گۆڕانکارییانەدا ڕۆڵی هەیە و کاریگەرە، بەڵام خاڵی جێگەی هەڕەشە و مەترسی ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە وەکوو کورد بە دەرس وەرگرتن لە هۆکارە نێوخۆییەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان نەتوانین دەرفەتەکە بقۆزینەوە و لەو ماوەیەدا کە پێکهاتەی سیستمی نوێی نێونەتەوەیی یان ناوچەیی فۆرمی نەگرتووە، مافەکانمان دەستەبەر بکەین، لە پاش سەقامگیری، جێگیربوون و شکڵگرتنی پێکهاتەی سیستمی داهاتووی نێونەتەوەیی، لەوانەیە ئیتر نەتوانین یان زۆر بەزەحمەت بتوانین ئەم کارە بکەین، چوونکە لەوانەیە دابەشبوونی هێز و گەمەی ئەکتەرەکان لە سەرووی ئیرادە و هێز یان ویستی ئێمەوە بێت. ئەو کاتە بەرەنگاربوونەوەی ئەو سیستەمە نێونەتەوەییە و تێکدانی پێکهاتەکەی و هەوڵدان بۆ هاتنە ئارای سیستمی دڵخوازی خۆمان، لەوانەیە لە ئاست هێزی ئێمەدا نەبێ و دیسان قوربانی و ژێردەستە بینەوە.

یەکێك لە هۆکارە سەرەکییە نێوخۆییەکانی نەمانی کۆماری کوردستان بیری بەرژەوەندیخوازیی گرووپی، عەشیرەتی و تاکەکەسی لە نێو بەشێك لە ئەکتەرەکانی شوێندانەری کۆماری کوردستان بوو، ئەم ڕاستییە دوای ڕووخانی کۆمار و داگیر کردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار لەلایەن لەشکری ڕێژیمی حەمەڕەزاشاوە ڕوون بووەوە و دەرکەوت کە لە ماوەی تەمەنی کورتی کۆماردا ئەو لایەنانە بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەژێرەوە لەگەڵ حکوومەتی تاران لەپێوەندیدا بوون و خەیانەتیان بە کۆمار کردوە. ئێستا دوای تێپەڕبوونی ٦٨ ساڵ سێبەری شوومی ئەم هۆکارە بە شێوەیەکی ئەمڕۆیی لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی هێندێك لە ئەکتەرەکانی گۆڕەپانەکە وەك هێژموونیخوازی، هیوابەستن بە دوژمنانی نەتەوەکەمان و بەرجەستە بوونەوەی بەرژەوەندیی حیزبی و گرووپی لەبەرانبەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی، بەسەر خۆمانەوە هەست پێ دەکەین و نیگەرانین لەوەی کە بە درێژەدانی ئەم ڕەوتە جارێکی دیکە دەرفەتەکانمان لەدەست بچن.

بەڵام سەرەڕای لە ئارادا بوونی ئەم خاڵە نێگەتیڤانە، خاڵی هیوابەخش ئەوەیە کە ئاماژەکان ئەوە نیشان دەدەن کە بە گشتی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش بووە (بەتایبەت کۆماری ئیسلامی ئێران) ناتوانن بەم شێوەیە بەردەوام بن و خۆیان دەبنە بەشێك لە مێژووی ڕابردووی ئەم سیستمە نیونەتەوەییە، چوونکە ڕێژیمە توتالیتەر و دیکتاتۆرەکان بە هۆی کاریگەریی ململانێیە ژئوپۆلێتیکییەکان و پێکهاتە و نۆرمەکانی سیستمی ئێستا بە پاساوی پاراستنی سەقامگیری و پرسی ئاسایشی نێونەتەوەیی لە ڕابردوودا، توانیویانە بە هەر شێوەیەك بێت درێژە بە مانەوەی خۆیان و ڕێژیمەکەیان بدەن. بەڵام لەو سیستمە نوێیەدا ئەو جۆرە دەوڵەتانە خۆیان بوونەتە هەڕەشە لەسەر سەقامگیری و ئاسایشی ناوخۆ و نێونەتەوەیی، واتا بوونەتە ئەکتەری دژە نۆرم و ڕێساکانی ئەو پێکهاتە نوێیە، وەك نموونە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە دژایەتی و هەڕەشەکانی لەسەر نۆرم و یاساکانی نێونەتەوەیی ئاسایشی وڵاتانی ناوچەکە و تەنانەت ئاسایشی نێونەتەوەیی بە یارمەتیدانی تیرۆریزمی نێونەتەویی، تێکدانی ئاسایشی وڵاتانی ناوچەکە و پێشێلکردنی مەترسیداری مافەکانی مرۆڤ لە ناوخۆ وەکوو ئیعدامی سیاسی و تۆقاندن و ڕاوەدوونان و... هەموویان دەربڕی ئاراستەی دژە پێکهاتە و سیستەمی نێونەتەوەییە کە لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە پێڕەو دەکرێت.

بۆیە خوێندنەوە بۆ "کۆماری کوردستان" لە پارادیم و چوارچێوەی پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەییدا، زۆر باش دەتوانێت یارمەتیدەرمان بێت بۆ دەستەبەر کردنی مافە ڕەوا نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانمان لە سەردەمی ئێستادا، بەم هۆیانەوە ئەم قۆناغەی ئێستا بۆ ئێمەی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر هەستیارە، بۆیە پێویستە بە ڕەچاو کردنی ئەم پرس و گۆڕانکاری و بنەمایانە بڕوانینە ئاڵوگۆڕەکان و خوێندنەویان بۆ بکەین و خۆمانی بۆ ئامادە بکەین.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە لەم ڕاستایەدا پێوەندیی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە و هیوامان پێ دەبەخشی، ئەوەیە کە

درێژەی لە لاپەڕە ٥

# پەیامی کەریم پەرویزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا




هاونیشتمانانی بەڕێز!
گەلی ئازادیخوازی کورد!
هاوڕێیان و دۆستان!

ئێمە لێرە کۆبوینەتەوە کە، ڕێز لە یادی دامەزراندنی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان بگرین. کۆمارێکی دێموکراتیك کە ٦٨ ساڵ پێش ئێستا، لە شارە شۆڕشگێڕەکەی مەهابادا بە دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پێشەوای نەمرمان، قازی محەممەد دامەزرا.

کۆماری کوردستان ئەزموونێکی سیاسیی نوێ بوو لە مێژووی کوردستاندا، لە مێژووی خەباتی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانەی کورددا، کۆماری کوردستان، دامەزرانی سیستمێکی سیاسی ئەمڕۆیی بوو کە تا ئەوکات لە سەر خاکی کوردستان تاقی نەکرابووەوە و بوو بە یەکەم تاقیکردنەوەی ئەزموونی سیاسی بە شێوەی کۆماری و سەرۆك کۆماری و هەیئەتی وەزیرانی نوێ. کۆماری کوردستان سەلماندنی نەتەوەیەك بوو کە ساڵەهای ساڵ و بە دەیان و سەدان ساڵ لە ژێر ستەمدا بوو و لە لایەن داگیرکەرانەوە مافیان پێشێل دەکرا.

> **کۆماری کوردستانیش بە هەمان شێوە، بە پەیامە گرینگەکەی، بە پەیامی سیاسی و دێموکراتیك و ئەمڕۆیی، بوو بە ڕەمز و هێمایەك بۆ نەتەوەی کورد کە لەو سەردەمەوە تا ئێستا و بۆ داهاتووش، نەتەوەی کورد شانازی بەو دەسکەوتەوە دەکات**

کۆماری کوردستان بوو بە هەوێنێك، بوو بە سەمبۆلێك، بوو بە هێمایەك کە لەودا سەلمێندرا کە نەتەوەیەك بە ناوی نەتەوەی کورد هەیە و لە سەر مافەکانی خۆی پێداگرە و تا گەییشتن بە دوا ترۆپکی ڕزگاری و ئازادی چۆك دانادات.

کۆماری کوردستان کیانێکی سیاسی و نەتەوەیی بوو کە هەم کوردی ژیاندەوە و هەم بە هەموو نەتەوەکانی بندەستی ناوچەکەی نیشان دا کە ڕێگای ئازادی و ڕزگاری چیە. نەتەوەی کورد بە سەدان ساڵ لە ژێر ستەمدا بوو و هەموو لایەك بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە کورد قەت ناگا بە هیچ، کورد دەبێ بۆ هەمیشە بندەست و ژێردەستە بمێنێتەوە، بەڵام کۆماری کوردستان ژیانەوەی نەتەوەیەك بوو، سەلماندنی نەتەوەیەك بوو کە بە هەموو ئەو داگیرکاری و ستەمکاریانەوە کە لە سەری هەیە، نامرێت و بە ژیانەوەی خۆی بە هەستانەوەی خۆی و بە دامەزرانی کیانێکی سیاسی سەلماندی کە ئەم نەتەوە وەکوو باقی نەتەوەکانی

درێژەی لە لاپەڕە ٨

---

درێژەی لاپەڕە ٤

حیزبی دێموکرات وەك بنیاتنەری کۆماری کوردستان، سەرەڕای ئەوەی لە ماوەی ٦٨ ساڵی ڕابوردوودا لە ژێر زەبری توندوتیژیی ڕێژیمەکانی پاشایەتی و ئیسلامیدا خوێنی لەبەر ڕۆیشتوە و بە هەزاران ڕۆڵەی فیداکاری لە بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو ڕێژیمانەدا شەهید بوون و زیندانی کراون و بێجگە لە ماوەیەکی کورت لە بڕگەی گوازتنەوە لە ڕێژیمی پاشایەتییەوە بۆ ڕێژیمی ئیسلامی بەردەوام تێکۆشەرانی لە ژێر هەڕەشە و لێپرسینەوەدا بوون و وەك حیزبێکی نایاسایی تێکۆشانی ئاشکرای بەربەست کراوە، سەرەڕای لەسێدارەدانی پێشەوا سەرکۆماری ئەو کۆمارە ساوایە و کەسایەتی یەکەمی ئەو حیزبە و تیرۆری دوو سکرتێری بەتوانای وەك دوکتور قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی و کۆسپ و تەگەرەی بەهێز لەسەر ڕێگای تێکۆشانی، توانیویەتی لە بەرانبەر ڕەشەبا و زریانی بەهێزی ڕووداوەکان خۆڕاگر بێ و ئاڵای کۆمار هەروا شەکاوە ڕابگرێ.

قوتابخانەی پڕ ناوەڕۆك و پڕ ئەزموونی دێموکرات و کۆمار فێری کردووین لەسەر ڕێبازی کۆمار کە مافی دیاریکردنی چارەنووسە پێداگر بین و شەرەفمەندین کە لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابوردوودا درێژەدەری خەبات لە پێناو دابینکردنی دیمۆکراسی و مافی چارەنووس بۆ گەلەکەمان بووین کە بنچینەی کۆمار لەسەری بنیات نرا. ئێستاش دروشمی سەرەکیی ئێمە بنیادنانی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵە کە لەودا هەموو نەتەوەکان و یەك لەوان کوردەکانی ئەو بەشە، بە مافی یەکسانەوە شوێنی نیشتەجێی خۆیان بەڕێوە بەرن و لە ئیدارەی گشتیی وڵاتیشدا بەشدار بن. ئەو دروشم و داخوازییانە، داخوازیی سەردەمیانەن و ئەزموونی دەیان وڵاتی دێموکراتیکی پێشکەوتوو نیشانی داوە لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا ئەم شێوەی بەڕێوەبەرییە سەرکەوتووترین شێوەی بەڕێوەبردنە.

ئەمانە و زۆر خاڵی دیکە کە لەم دەرفەتەدا جێگای باسکردن لەسەریان نیە، بوونەتە هۆی ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبەکەی کۆمار، لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەروا جێی بڕوا و متمانە پێکردن بمێنێتەوە و لە ئاڵوگۆڕەکاندا بتوانێ جارێکی دیکە بە یارمەتیی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆماری کوردستان زیندوو بکاتەوە.

لە کۆتاییدا سڵاو ڕێزمان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کۆمار و هەموو ئەو تێکۆشەرانەی بە گیانبازی و قبووڵی ڕەنج و فیداکاری و لە خۆبوردوویی ڕێبازی کۆماریان هەروا پڕ ڕێبوار و زیندوو ڕاگرتووە کە لە ریزی ئەواندا برا کوردەکانمان لە بەشە جیاجیاکان بەتایبەت لە باشووری کوردستان، وەك بارزانییەکان بە سەرۆکایەتی نەمر مەلا مستەفا بارزانی و چوار ئەفسەرە نیشتمانپەروەرەکەی ئەو بەشەی کوردستان عیززەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیروڵڵا عەبدولکریم و محەممەد مەحموود قودسی کە لە فەرماندەیی و ڕاهێنانی پێشمەرگەکانی کۆماردا دەوری بەرچاویان هەبوو و لەو ڕێبازەدا گیانی خۆیان بەخت کرد.

سڵاو لە بنەماڵەی شەهیدان
سڵاو لە ڕۆڵەکانی دێموکرات، درێژەدەرانی ڕاستەقینەی ڕێبازی کۆمار
سەرکەوتن بۆ کوردستان
نەمان بۆ دوژمنانی کورد و ئازادی و دیمۆکراسی

## ڕۆژەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵلانژاد

### وتووێژی ناوکی

ڕۆژنامەی گاردییەن ڕۆژی ١٣ی ڕێبەندان ڕاپۆرتێکی لە ژێر ناوی "ئێران و ئەمریکا دیسان لە پێناو باسکردنی وتووێژە ناوکییەکەیان کۆبوونەوە" لەسەر وتووێژەکانی ئەمدواییانەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بڵاو کردەوە.

لە سەرەتای ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "جان کێری، جێگری سەرکۆماری ئەمریکا لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایش لە ئەڵماندا چاوی بە وەزیری دەرەوەی ئێران کەوت و بە تارانی ڕاگەیاند کە بەڵێنیی لەسەر بەرنامە ناوکییەکەی بباتە سەرەوە.

کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکشەممەی کێری لەگەڵ جەوادی زەریف پاش ئەوە بوو کە ئێران لە مانگی نوامبردا قبووڵی کرد کە هەستیارترین چالاکییەکانی پیتاندنی ئۆرانیۆمی لە بەرامبەر کەمکردنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکاندا، ڕابگرێ.

ڕێکەوتننامەکە کە لە مانگی ژانویەدا جێبەجێ دەبێ، شەش مانگە دەبێ، لە کاتێکدا وتووێژی زیاتر بەمەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی بەردەوام لە پێناو سڕینەوەی ئەو نیگەرانییانەدا کە تاران ڕەنگە چەکوچۆڵی ناوکی درووست بکات، بەڕێوە دەچن. ئێران حاشای لەو مەبەستە کردووە، بەڵام دڵێ ئامادەیە لە بەرامبەر لابردنی تەواوی گەمارۆکاندا، بگاتە ڕێککەوتنێك.

کاترین ئەشتۆن، سەرۆکی سیاسەتی دەرەکی یەکیەتیی ئورووپا پاش چاوپێکەوتنی لە ڕۆژی هەینیدا لەگەڵ زەریف وتی: ئێران قبووڵی کردووە لە دەورێکی نوێی وتووێژەکان لە وییەن لەگەڵ پێنج ئەندامی هەمیشەیی شوورای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاڵماندا بەشداری بکات."

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامە شەش مانگییەکەدا، ئێران قبووڵی کردووە بەرنامەی پیتاندنی ٢٠٪ی ئۆرانیۆم ڕابگرێ کە ئۆرانیۆمێکی پێ بەرهەم دێت کە قۆناخێکی کورتی بۆ قۆناخی سەربازی ماوە، بەڵام لە هەمان کاتدا لەسەر پیتاندنی ٥٪ی خۆی بەردەوام دەبێت. هەروەها قبووڵی کردووە کە نیوەی خەزێنەی ئۆرانیۆمی ٢٠٪ی پیتێندراوی بکاتە ئۆکسید و نیوەی ئۆرانیۆمی ٥٪ی پیتێندراوی تراو بکاتەوە.

لە بەرامبەردا، ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا هاوکات ڕایانگەیاندووە کە لابردنی گەمارۆکان لەسەر بەرهەمە نەوتی شیمیاییەکان، بیمە، زێڕ و بەرهەمە گرانبەهاکانی دیکە و بەشەکان و خزمەتگوزارییەکانی فڕۆکە موسافیرهەڵگرەکانیان قبووڵە. ئەوان هەروەها بەرنامەیان هەیە کە ٤,٢ میلیارد دۆلار (٢,٦١ میلیارد یۆرۆ) لە دارایی ئێران لە فرۆشی نەوتەکەی کە بلۆکە کرابوو، ئازاد بکەن، ئەویش لە هەشت وامی یەك لەدوای یەك و لە شەش مانگدا".

گاردییەن لە بەشێکی دیکەدا ئاماژەی بە هەڵوێستی پێداگرانەی ئەمریکا لە هەمبەر جێبەجێبوونی داخوازەکانی ڕۆژئاوا کردووە و نووسیویەتی: "کێری بەپێی ڕاگەیەندراوێك لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ڕوونی کردەوە کە ئەمریکا درێژە بە جێبەجێبوونی ئەو گەمارۆیانە دەدا کە ماونەتەوە. ئێران لە وتووێژەکەدا وەڵامێکی بەپەلەی بەم قسانەی کێری نەداوەتەوە".

سەرچاوە:
theguardian.com

# مانەوە و گێڕانەوە

## فەلسەفەی گێڕانەوە لە روانگەی عەباس مەعرووفییەوە

وەرگێڕانی ڕەهبەر مەحموودزادە

**بەشی سێیەم و کۆتایی ـ ڕاستنوێنی، ڕاستۆکیی وشەکان**

ئەوەی چیرۆکنووسە، درەنگ یا زوو ڕۆژێك دادێ بەسەر ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەدا بکەوێ کە ئەوەی خوێنەران پێمل و عەودالّی خۆی دەکا خەیاڵکەیەتی نەك گێڕانەوەیەکی وا کە راستۆکانە بێ و کوتومت لەبەر ڕووداوێك هەڵگیرابێتەوە. زۆریەك لە چیرۆکنووسانی لاو لەسەر ڕاستۆکی و دەستپاکی پێ دەچەقێنن و لە بیریان دەچێتەوە کە ڕاستۆکی و دەستپاکی تەنیا بۆیان هەیە گوتەیەك هەرماو بکەن، دەنا نووسەر ناتوانێ ئەمینێکی باش بێ و نهێنیپارێزێکی باشیش نییە.

لە بیرمە دوای ئەوەی (لە بەندیخانەدا) دەیانپشکنیم، خێرا وێدەکەوتم پشکنینەوەکەم بە هەموو وردەکارییەکانەوە بۆ نووسەران و شاعیرانی هاوچەرخ دەگێڕاوە و دەشمزانی پشکێنەرەکانم بیستۆکیان بۆ داناوم، ئەو بەرسەرهاتانەم بە تەلەفوون بۆ دانشوەر و سپانلوو و بێهبەهانی و گوڵشیری و شاملوو و عیبادی و موسەددیق و خەڵکی دیکە دەگێڕاوە. جارێکیان کابرای پشکێنەر پێی گوتم "هەتیوە بۆ هەرچیت پێ دەڵێم دەچی بۆ ئاواڵەکانت دەگێڕیەوە؟" گوتم "ئەمن عەیبێکی گەورەم هەیە، زاربەهاوارم، نهێنیپارێزێکی چاك نیم. قسەم دە زاریدا ڕاناوەستێ." گوتی:"ئەدی بۆ مێشی دەکەیە گامێش؟ بۆ شتێکیشی پێوەدەنێی جا دەیگێڕییەوە؟" گوتم "ئاخر ئەمن چیرۆکنووسم، خەیاڵەکەشمی تێهەڵکێش دەکەم" ئامانجم هەر ئەوە بوو شتێکی نهێنی لە نێوان خۆم و پشکێنەرەکانم نەهێڵمەوە و گەرایەکی تایبەتی لە نێوان ئێمەدا نەگوورێ. گەرەکم بوو لێیان تێپەڕم. ئەگەر چیرۆکنووس نەبامایە لە پەسیوێکی تاریك و تنۆکدا تێدا دەچووم و کەسیش نەیدەتوانی دە هاوارم بێ. دەمویست بمێنمەوە هەتا شایەتی لەسەر ڕاستبێژیی وشەکان بدەم. بەسەر دۆخێکی ئەوتۆدا کەوتبووم وام هەست دەکرد شەهرزادێکی حەکایەتبێژ لە ناخمدا تەمایەتی ڕامبگرێ، لە لایەکەوە حەکایەتم بۆ بکا و لە لایەکی تریشەوە بەڵاگێڕەوەم بێ.

**ڕاستنوێنی**

ئەی. ئێڵ. دۆکتـرۆف نـووسـەری ئەمریکایی خولقێنەری ڕۆمانی "ڕەگتایم" هەوڵ دەدا ڕوونی کاتەوە بۆچی بەرهەمی خەیاڵکرد و داستانی لە کتێبی مێژوو ڕاستەقینەترە. جا دەنووسێ " (جیهانی چیرۆك) جیهانێکە خودا بۆ درۆزنانی ڕۆناوە و ئێمەی نووسەریش درۆزنی زگماکین. بەڵام خەڵك دەبێ بڕوامان پێ بکەن. چونکە هەر بە تەنیا ئێمەین کە بۆخۆمان ڕادەگەیێنین پیشەمان درۆهەڵبەستنە. کەوایە ئەوە ئێمەین کە ڕاستبێژین." بەڵام دۆکتۆرۆف پێمان ناڵێ چۆن دەکرێ چاکتر درۆیان بکەین. ئەو، فێڵ و فەندەکانی درۆی گەرمەتەندوور فێری نووسەرانی تازەکار ناکا، بەڵام هەر لەو ڕۆمانەی ڕەگتایمدا یەك بە قەوەتی خۆی حەول دەدا تا گشت درۆکانیمان وەك بەڵگەنامەی گرینگی مێژوویی و ڕاستەقینە بەسەر دا قاڵ کاتەوە. سەیر ئەوەیە بۆشی دەچێتە سەر. ئەم نووسەرە زۆر کەسایەتیی ناسراو لە زیگمۆند فرۆیدەوە بگرە تا گەپجاڕی بەناوبانگ هێری هۆدینی و فۆرد دەسمایەداری ناوبەدەرەوە و هەتا مامێ و تاتێی کۆمۆنیست و زۆر کەسی تریش بە شایەت دەگرێ هەتا چیرۆکی بنەماڵەی باوکە بڵێتەوە و بەسەرهاتی سەفەرەکەی بۆ قوتبمان پێ بسەلمێنێ.

باوکە کە کارخانەی ئاڵاسازی هەیە ئاخیرەکەی ئاڵاکەی لە قوتبدا بەرز دەکاتەوە هەتا ئاڵای ئەمریکا لە قوتبیشدا نیگای خەڵکی بڕنێتەوە. گشت ئەو بەسەرهاتەی قەرارە لە کۆتاییدا بگێڕدرێتەوە، چیرۆکی دڵداریی سارا ئەو کچە بەحەیا و شەرمێونە لەگەڵ کوولهاس واکێرە. دەڵێی هەموو ڕەگەزەکانی ئەم ڕۆمانە شایەتی بۆ یەکتر دەدەن و وەباڵ بۆ یەکتر دەکێشن هەتا چیرۆکی دۆکتۆرۆف لە بڕوای خوێنەردا تۆمار بکرێ، ببێتە بیرەوەری یا تەنانەت ببێ بە بەشێك لە بیرگە. هێری هۆرینی بەنباز بە نمایشتی سەیر و سەمەرەی دەبێ ئامادە بێ هەتا لە شوێنێکی تردا برای چووکەی دایکە لە بەر دۆڵابی سەردەستەی فێمینستەکانەوە لە کەلێنی دەرکێوە تەماشای قالبی ڕووتی وی بکا و دەست دە خۆی وەردا و دوایێ وەك بێهۆشان لەسەر عەرزی تخێڵ بێ. ڕەنگیشە دۆکتۆرۆف تەمای بێ ژیانی پڕ لە چەرمەسەری تاتێ و مامێ بگێڕێتەوە. تاتێ پیشەی ئەوەیە لە قەراغی شەقام دابنیشێ و بە مقەست کردنی مقەبای ڕەش، وێنەی نیوە ڕوخساری خەڵکی دەربێنێ و بەسەر کاغەزێکی سپییەوەی بنووسێنێ و بیداتە دەستیان و پارەیەکیان لێ بستێنێ، کارێك کە لەسەر دیواری چین جەماعەتێکی زۆر لەو نیوەڕوخسارکێشانەی شاری پێکەن پێیەوە سەرقاڵن. مامێش کرێکاری دروومانە. باوەشێك قوماش دەباتەوە ماڵێ و هێندە لاقی لەسەر چەرخی دروومانەکەی دادەگرێ هەتا کارەکە تەواو دەبێ و دەیداتەوە بە خاوەنەکەی. باری گوزەرانی ئەو خێزانە باش نییە و مامێ دایمە دەچێ کۆڵێك کار دەباتەوە و دەیداتـەوە بە درووماخانەکە. خاوەنکارەکە پیاوێکی حیزە و هەتا دەچێ دەستێك ڕە مەمکی مامێ دەخشێنێ. خێزانی تاتێ و مامێ کاتێك لەبەر یەك هەڵدەوەشێ کە ئیتر مامێ لە دەست ڕێخشاندنی خاوەنکارە خوێڕییەکەی ڕاهاتووە و ئەوجار بۆخۆی دەچێ هەتا خۆی بداتە بەر دەستی خاوەنکارەکەی. دوایێ خوێنەر خۆی بە شوێن تاتێ و مامێدا دەگەڕێ و شوێنپێیان نادۆزێتەوە. ئەوە لە ڕێگای کوڕی بنەماڵەی ئاڵاسازەکەوە دەزانین. ئاخر کوڕەکە ناسیاری کچی تاتێ و مامێیە.

دۆکتۆرۆف بۆ دەربڕینی ڕاستبێژانەی درۆ زلەکانی، ئەوەی لە دەستی دێ دەیکا، تەنانەت چاو لە دەنگوباسی چکۆڵەی ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمیش ناچووقێنێ. لە کۆتاییدا ڕۆمانێکی سەرنجڕاکێش بە پێکهاتەیەکی تۆکمە و بەرچاو و ڕوانینێکی قووڵ بۆ ئەمریکای سەرەتای سەدەی بیستەم لە بەردەستی خوێنەر دەنێ. بەڵام ئایا نووسەر مێژوونووسە؟

**ئایا نووسەر مێژوونووسە؟**

بە هۆی ڕۆمانی ڕەگتایمەوە ئەم ئەسڵە هەتاهەتایە هەڵوەشایەوە کە مێژوو دەتوانێ ڕاستیی ژیانی خەڵك و کۆمەڵگا دەربخا. هەر بەتەنێ بەرهەمی خەیاڵکرد دەتوانێ ڕاستەقینەی ژیان دەربخا. ئەمەش سەرناگرێ مەگین بە ڕاستنوێنی هەر شتێکی نووسەر دەیهەوێ تۆماری بکا. دۆکتۆرۆف دەڵێ:" ئێمە بە پێچەوانەی سیاسەتوانان پێشان پیشەکەمان قبووڵ دەکەین و دوایێ تێدەکۆشین لایەنگران بۆخۆمان بدۆزینەوە. ئەوەی ئێمە ڕزگار دەکا و شەرعییەتمان پێدەدا هەوڵ و تێکۆشانمان بۆ گردەوەکۆیی و پێشاندانی ئەو بەڵگەنامە ساختانەیە کە لە گشت جیهاندا پێی دەڵێن خەون. چونکە یەکەمین بەڵگەنامەی ساختە لەڕاستیدا بریتییە لە خەونی ئێمە.

**بەشایەت گرتن**

کاری چیرۆکنووس ڕاستبێژی و شێواندنی بەرهەم نییە، بەڵکوو ئەو دەبێ بتوانێ هەر شتێك بە خوێنەرەکەی بسەلمێنێ و واقیعێکی پەرژوبڵاو بکا بە بەرهەمێکی دڵڕفێن. هەڵبەت ئەم کارە وا سووك و هاسانیش نییە. لەناو ئەو تەکنیکانەی دواتر فێریان دەبین یەکێکیان "بە شاهید گرتن"ە.

هەمیشە لە چیرۆکدا لەپاڵ گوتە و کردەوە یا ئامادەبوونی کەسایەتی سەرەکی، بابەتێکی چکۆڵە دەبێ ببێ بە شایەت و هۆگرییەك لە نێوان خوێنەر و نووسەر بتەنێتەوە. ئەگەر خانووبەرەیەکی سەت نهۆم لە چیرۆکدا دروست دەکەین لە بیرمان نەچێ بوونی ئەم خانووبەرەیە بە سندووقێکی پۆستی ڕەنگ زەرد لە پێش خانووبەرەکە پشتڕاست بکەینەوە و لەبیرمان نەچێ لە حاست ڕاگەیێندراوی نێئۆفاشیستەکان لەسەر قالبی سندووقەکە کەمتەرخەم نەبین. دوایێ دەتوانین بۆ وێنەی ئەم سندووقە و هەموو خانووبەرەکە لە شووشەی باڵانوێنی گوڵفرۆشییەکەی ئەو بەری شەقام، بڕوانین.

**تێبینی وەرگێڕ: لە باشووری کوردستان وشەی "داستان" لە جیاتی "حەماسە" بەکار دەهێندرێ. لەم وەرگێڕانەدا مەبەست لە ئەدەبی داستانی هەر جۆرە ئەدەبێکە کە ڕەگەزی گێڕانەوەی تێدا بێ.**

# وشکە سەرما

ناهید حسێنی



لە تەنیایی ئەم غوربەتەدا
دێتەوە ناو چاوەکانم و
ماچ بۆ لاپەڕە دەستەوەستانەکان ئەنێری
بۆ ئەوەی بە ژانترین قەسیدە
بە برک ترین شیعر و
بە سوێ ترین پەخشان بنووسمەوە.

من لێرەم و
خەیاڵم لێزمەی بارانێکە
خۆش ناکاتەوە
من لێرەم و
لەو دوورەوە خاکێک بانگم دەکا
بۆنی جەستەی شەهیدی لێ دێ
من لێرەم و
نزاکانم لە لەپی دەستەکانم بەولاتر ناگەن
ئەبمەوە بە هەوری ئاسمانی مەهاباد
یادگارەکان وەک پەلکە گیای بەهاری
لە گیانما دەڕسکێنەوە
لە کوێن ئەو دەستانەی هیوایان چاند
کە ئەمڕۆ
لە کۆڵانە داگیرساوەکانی شاردا
خەم دابەش ئەکرێ و دڕکەزێیە.
زبانمان بە یادی ئاو لە گۆ کەوتووەو
ئاوێنەکان
بەر لەوەی خۆر هەڵبێت
مەدالیای مەرگ ئەدەن لە سینگیان‌و
کریستاڵی ترین وێنەی خۆر
پێشکەشی شەوەزەنگ ئەکەن.
ئەمە سەرەتاتکەی غوربەتی من‌و
غوربەتی تۆفانە دامرکاوەکانەو
جوانیەکی جوانەمەرگە.
لە سەرپەنجەی منەوە تا مانگەشەو
لە پێستی منەوە تا شیبا
لە بێدەنگی منەوە تا زریکەی ئەو دیوی پەنجەرەکەم
فڕین مەودایەکە تا ئازادی
ئەوانەی لە فڕین تێناگەن
رازەکانی ئاسمان ناخوێننەوە
سەر لە سڕی هەورەکان دەرناکەن‌و
ئاشنای جەهەننەمێکن
ئەوینی تیا ئەسووتێنن
ئەوانەی گوێ لە هەناسەکانی باخچە ناگرن
هەست بە دڵداری خاک‌و گوڵ ناکەن
گوڵ بە دەستیانەوە هەڵئەوەرێ‌و
بۆنی ناکەن
ئەوانە رازی سەربەستی خاک‌و
سەربەرزی سێدارە نازانن
دۆڕاوی ژیانێکن
رۆژی هەزارجاریان لە قەواخ ئەدات
کاتژمێریان تەمەنی حەقیقەت جواب ئەکات‌و
مێژوویان ئەستێرە ئینکار
پەنجە بەجێ ماوەکانیش لە کۆڵان
خەوی شەوانەی ئەو دەروازانە ئەزڕێنن
چاوەڕوانیی کرانەوە ژەنگی پێ هەڵێنان‌و
پیری کردن.
ئێمە لە سەودای ئاوێنەشارداو
دەستەکانی ئەوان
کۆڵی نووسینەوەی خەونە دزراوەکانمان
ئێمە لە قەدەری ئەنفالی نەوڕەسەکانمان نەبووینەتەوە
ئەوان نەفرەت لە رووناکی‌و ئەستێرەو ئاوێنە ئەکەن
پێکەکانیان نەیارانە لەیەک ئەدەن
شەوارە سەرخۆشی کردوون‌و
مەستانە پێدەکەنن
بەو ئەستێرانەی شوێن پێی مانگە شەویان هەڵکرد.
گەورەی شەهید
لەم رۆژگاری دڵەڕاوکێ و نائارامییەدا

تەرمی شەهیدەکانمان بە سەردەستمانەوە ماوەتەوە
و
کەس نییە شان براتە بەر تابووتی خەونەکانمان
پڕی مێژووی ئەم عەشقە لاسارە
سەیری پەنجەرەکانی خۆرئاوابوونمان کرد

بە چی ئەچێ
گەر نەفرەت لە هەموو پاکیزەییەک بکرێ
بەچی ئەچێ
گەر بە ئاسوودەیی
پاکییەکانی مرۆڤایەتی دادگایی بکرێن
لە بێ دادگەی بێدادەکاندا
گەر بەهارەمان کوێروو لێی براو
هەوری نەزۆک داباریێ
گەر گوڵە هەمیشەییەکانی بەهەشت
بین بە قردێلەی ئازادی
بە لاجانگی پرچی کچانی ناو بەستەڵەکەوە
لە برینەکانی رۆحم بڕوانن
ئەنجن ئەنجنی رۆژگارم‌و
شەوگار لەسەر پێڵووی چاوم هێلانەی کردووە
بۆتیمارێکی قەراخی شێعرم
حەسرەت بۆ ئەو وشانە ئەخۆم
دارو سێدارە، سەرو قەواخ، ژیان‌و مەرگ، ئازادی‌و
شەهیدیان وێنا کرد.
گەورەی شەهیدم
تۆ وەکوو کوڵی فرمێسک
لە هەنسکەکانی دڵمەوە نزیکی
ساڵمان گڕو وەرزمان گڕو رۆژمان گڕ
ئاگر، ئاگر ناسووتێنێ
ئەمە رازی سەمای گڵپەیە
شیری مەمکی ئاگر خوراییەوە
گڕکانی رق تەقایەوە
زەوی هەناسەی ساردی لێ بوو بە توونی ئاگر
وەرەوە گەورەم
چیرۆکەکەت ناتەواو مایەوە
پێکمان ژارو
نۆشمان دار
چاوی شێعرمان بە باران و
تریشقەمان گێنگڵ ئەدا
وشە لە سینگماندا قەتیسە
وەرەوە
ئەم نیشتمانە نزایەکی خێری دەوێ
تۆ کە لە رەنگی موعجیزەکانی خودای
تۆ کە لە تۆرەمەی دەنگی ئەنەلحەقیت
تۆ کە قەواخ لە دوا هەناسەت شکۆفەی گرت
تۆی دڕ بە تاریکیی شەوەزەنگ برددوو
وەرەوە و پێیان بڵێ
ئێوە کێن؟!
هەڵگری چ ناسنامەو شەریعەتێکی پۆخڵن
کە نە وەرزتان لە ساڵدا ناوی هەیەو
نە رەنگتان لە هیچ وەرزێک ئەچێ
ئێوە
ساڵتان رەش‌و
وەرزتان رەش‌و
رۆژتان رەش‌و
مێژووتان رەشترو
چارەنووستان قەترانییە
ئێوە میراتگرانی هەرەسن
وەرە و پێیان بڵێ

لە وانەفسای دڵە بەردینەکاندا
ئێمە هێشتاش سروودی عەشق‌و
نەغمەی خۆشەویستی دەچڕین

# ڕۆڵی شاعیران و پێگەی ئەدەب لە کۆماری کوردستاندا

شەریف فەلاح



ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی خێرا ئاوڕێکی کورت لە لایەنی فەرهەنگی و ئەدەبیی سەردەمی کۆماری کوردستان بدەینەوە و بمانەوێ ئاماژە بە ڕۆڵ و گرینگیی شاعیران و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لە ئەزموونی بەنرخی کۆماردا بکەین، دەبێ لە پێشدا باسی بەستێنە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی پێش کۆمار بکەین کە ئاخۆ ئەم ڕێباز و قوتابخانە شیعری و ئەدەبییانە چۆن و بە چ شێوەیەك فۆرمیان گرتووە و کاریگەریی کوێیان بەسەرەوەیە. لێرەدا دەبێ ئاماژە بە چوار ڕێبازی شیعری کوردی، واتە ڕێبازی گۆران و یارسان (هەورامان و کرماشان) ڕێبازی ئەردەڵان (سنە) ڕێبازی سۆرانی (بابان) و ڕێبازی بادینانی (بۆتان) بکەین کە هەرکام لەم قوتابخانە و ڕێچکە شیعرییانە لە سەردەم و قۆناغی جیاجیادا کۆمەڵێك شاعیریان بەرهەمهێناوە، هەرچەند ئەو ڕێچکە شیعرییانە لەناو زاراوە و دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی وەك (کەلهوڕی، هەورامی، کرمانجیی خواروو و کرمانجیی سەروو)دا سەریانهەڵداوە، بەڵام بە جۆرێك لەباری فۆرم و قەوارە گرتنی شیعری و پەرەسەندنی زمانی کوردییەوە تەواوکەری یەکترن و پێوەندییان پێکەوە هەیە. بەرچاوترین نموونەی کاریگەریی شیعری کلاسیکی کوردی لەسەر یەکتر کە لە دوو جوگرافیای جیاوازدان، قوتابخانەی بابان و قوتابخانەی موکریانن. چەند کەس لە دانەر و پێکهێنەرانی ڕێبازی سۆرانی کە سەرەتا لە سەردەمی بابانەکاندا سەریانهەڵدا خەڵکی ناوچەی موکریان بوون کە یەك لەوان عەلی بەردەشانی بووە. جا ئەو ڕێباز و قوتابخانەیە (قوتابخانەی بابان) کە لەسەردەستی کەسێکی وەك حەزرەتی نالی برەو و پەرەی پێدرا، زۆر دواتر لەلایەن شاگردان و ڕێڕەوانی ئەو ڕێبازە شیعرییەوە کە درێژەپێدەری قوتابخانەی شیعریی بابان بوون، وەك: "وەفایی (١٨٤٤ - ١٩٠٢) ، مەلا ساڵحی حەریق ١٩٠٩-١٨٥١، مەلا مارفی کۆکەیی (١٢٥٣- ١٣٢٤ی هەتاوی) (١٨٧٤- ١٩٤٥ی زایینی) ، میسباحەدیوانی ئەدەب (١٨٥٩ـ ١٩١٢) و مستەفا شەوقی ( ١٩٥٠ ـ١٨٩٦) " گەیشتۆتە قۆناغێکی تازەتر کە لە پێناسە و شێوازناسیی ئەدەبیدا بە (قوتابخانەی شیعریی موکریان) ناسراوە و جۆرێك لە ناسیۆنالیزمی زمانی و ئەدەبی و پاکبوونەوەی زمان دێننە ناو شیعرەوە و تەکان و گوڕێك بە شیعری کلاسیکی کوردی دەدەن و فۆرم و قەوارەی شیعری گۆڕانی بەسەردا دێت و بە جۆرێك لەژێر کاریگەریی ڕیتم، کێش و سەروا و زمانی فارسی و عەرەبیدا دێتەدەر و زمانی پەتی و خۆماڵیی کوردی دەبێتە هەوێنی شیعر. پاش ئەوان کە سەیفولقوزاتە (١٢٥٥/٢/٨ – ١٣٢٣/١١/٧) (١٨٧٦/٤/٢٨- ١٩٤٥/١/٢٧) وەك ڕابەر و پێشەنگ و باوکی (قوتابخانەی شیعریی موکریان) سەرهەڵدەدات کە لە نوێکردنە و فۆرم و قەوارە بەخشین بەم قوتابخانە شیعرییە دەوری بەرچاو دەگێڕێت. سەیفولقوزاتەوە جیا لەوەی کە شاعیرێکی بەتوانا بووە، کەسایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بە نفووز بووە و هەڵوێستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی تەنانەت لە ئاستی ئێران و دەورەی مەشرووتیەتدا بەناوبانگ بوون. باوکی سەیفی قازی و ڕەحیمی قازی دوو ئەکتەر و دەورگێڕی سەردەمی کۆمار بووە کە سەیفی قازی ئەفسەرێکی پایەبەرز و دکتۆر ڕەحیمی قازیش ئەدیب و نووسەرێکی ناسراو بووە کە نوسەری ڕۆمانی ڕچەشکێنی پێشمەرگەیە. ڕاستە ئەو ڕێبازە، واتە قوتابخانەی شیعریی موکریان، سەرچاوەکەی هەر هەمان ڕێبازی سۆرانییە، بەڵام لە زۆر لایەن و ڕەهەندەوە بەتایبەت لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٣٢٤ـ ١٩٤٦) ـەوە، چ لەباری دارشتن و چ لەباری زمانەوە لەگەڵ ئەسڵی قوتابخانەکە جیاوازیی هەیە و خەسڵەتێکی سەربەخۆ و تایبەتمەندیی و مۆرکی تایبەت بە خۆی وەردەگرێ. ناوی هێندێك لە شاعیر و نووسەرانی سەر بەم ڕێبازە بە نمونە دەهێنینەوە، کە بەگشتی لە چوارچێوەی ئەو ڕێبازەدا جێدەگرن، وەك شەوقی (قازی زادە)، مەلا مارفی کۆکەیی، سەیفولقوزات، سەید محەمەد ئەمین بەرزنجی (خاڵەمین)، سەید کامیل ئیمامی (ئاوات) ١٩٠٣ ـ ١٩٨٩/٧/٢٧، مامۆستا هەژار ١٣٠٠ ـ ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٢١ ـ ١٩٩٠) ی زایینی، حەسەن قزڵجی ١٩١٤ /٩/١٥ ـ ١٩٨٥/٩/٢٨ عەبدولڕەحمان زەبیحی، مامۆستا هێمن ١٣٠٠ ـ ١٣٦٥ ی هەتاوی (١٩٢١ ـ ١٩٦٨)ی زایینی و پاشان عەباس حەقیقی، محەمەد نووری (عەتری گڵۆڵانی) ١٩٢٦ ـ ٢٠٠٩ و سارده کوێستانی (راوچی) و زۆر کەسی تر کە بەداخەوە هەتا ئێستا وەك کتێب و بە شێوەیەکی زانستی و بەپێی میتۆد و ڕێبازی شێوازناسانە لێکۆڵینەوە لەبارەی بەستێنەکانی سەرهەڵدان، چۆنییەتی فۆرم و گەشەکردن و تایبەتمەندی و لاوازییەکانی نەکراوە و چەندین وتاری پرژوبڵاو لێرەولەوێ لەبارەیەوە نووسراون. بۆیە پێویستە ئاوڕێکی جیدی لەم قوتابخانەیە بدرێتەوە و قوتابیان و خوێندکاران و لێکۆڵەرانی ئەدەب توێژینەوەی لەبارەوە بکەن، چونکە کاراکتەرەکانی ناو ئەم قوتابخانە ئەدەبییە لە پشت ئەزموونێکی سیاسی وەك "کۆماری کوردستان"ەوە بوون و ئەو سەردەمە زێڕینە هەلومەرجێکی گونجاوی بۆ ڕەخساندوون و ئێستاشی لەگەڵ بێت پاش ٦٨ ساڵ کاریگەریی و شوێنەوارەکانی بەسەر ڕوخساری کۆمەڵگەی ئەدەبی، زمانی و کۆمەڵایەتیمانەوە دیارە.

خەسڵەتێکی جوان و بەرجەستەی دیکەی کۆماری کوردستان، بەشداریی هەمەلایەن و فرەچەشنی کاراکتەر و دەورگێڕانی پارچەکانی دیکەی کوردستان وەکوو باکوور و بەتایبەت باشووری کوردستانە کە هەم لە بەشی سەربازی و هەم لە بەشی کولتووری و پەروەردەیی کۆماردا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە و مێژوو قەت ئەم خاڵە بەرجەستانە ون ناکات کە هەوێن و کاکڵەی ڕۆح و وشیاریی نەتەوەیی کوردن.

لایەنێکی تری بەهێز و بەرجەستەی کۆماری کوردستان، لایەنی فەرهەنگ، ئەدەب، ڕۆژنامەوانی و پەروەردەیە کە بە لەبەچاوگرتنی هەلومەرج و پێداویستی ٦٨ ساڵ لەمەوپێش دەکرێ بڵێین ڕچەشکێنییەکی بێوێنە بووە. ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم، ژیر و وریایی و وشیاریی فەرهەنگی و سیاسیی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان و لەسەرووی هەموویانەوە پێشەوای نەمر کە فەرهەنگی بە یەکێك لە ژێرخانە سەرەکییەکانی نەتەوە و کۆمەڵگە داناوە. دووەم هەم پێکهاتەی پێکهێنەری "کۆمەڵی ژێ کاف" و هەم پێکهاتەی دامەزرێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمار، زۆربەیان لە ئەدیب، نووسەر و ڕۆشنبیر و نوخبەکانی ئەو سەردەمە بوون کەلە بەرەو پێشبردنی زمان، ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەکەماندا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە.

ئەم ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیرە بە هەڵوێستانە لەناو پێکهاتەی کۆماردا بۆ جێگیرکردنی زمانی کوردی وەك زمانی خوێندن و نووسینی کۆمار ڕۆڵیان بینیوە. ئەنجامی ئەو هەوڵانە لە ماوەی ١١ مانگ دەسەڵاتدارێتیی کۆماردا دانانی قوتابخانەی (گەلاوێژ) کە یەکەم قوتابخانەی فەرمیی زمانی کوردی بووە. سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی هەنگاوێکی گرنگ و ڕچەشکێنیەکی بێوێنە بوو کە دەتوانین ئاماژە بە ڕۆژنامەی کوردستان (ئۆرگانی فەرمیی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات) کە ئەوکات بۆ ماوەیەك حەفتانە سێ ژمارەی لێ دەرچووە. گۆڤارەکانی کوردستان، هاواری کورد، هەڵاڵە، گڕوگاڵی منداڵی کورد، نیشتمان و زانست و کۆمەڵێك کتێب و نامیلکەی دیکە و هەروەها دامەزرانی چاپخانەی کوردستان کە لەلایەن وەزارەتی فەرهەنگی کۆمارەوە چاوەدێری دەکرا، لە دەسکەوتە بەنرخەکانی کۆماری کوردستان بوون.

## قوتابخانەی ئەشکەن

قوتابخانەی ئەشکەن (بە ئینگلیسی: ashcan school) یان قوتابخانەی ئەش کەن(ash can school) بزووتنەوەیەکی هونەری ڕیالیستیانەی ئامریکایی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بوو. ئەم بزووتنەوەیە لە ناخی گرووپێك بە ناوی هەشت( the eight) هاتە دەرێ کە تەنیا یەك جار لە ساڵی ١٩٠٨ بەرهەمەکانیان نمایش کردبوو. لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە هەوڵیان دەدا تاکوو ژیانی ڕۆژانەی ئامریکاییەکان بهێننە نێو هونەرەوە و ئەمە دژکردەوەیەك بوو لە بەرامبەر نیگارکێشانێك کە پەیرەوی یاساکانی جوانیناسی ئورووپا بوون.

ڕابێرت هێنری ڕێبەری گرووپ بوو و ئارتۆر دیویس، ماریس پرندگاست، ئێرنێست لاسۆن، ویلیام گلاکنێس، ئیوەرت شین، جون فرێنج سلونە و جورج لوکس ئەندامەکانی ئەو بوون.

هەواڵ

## کرانەوەی پیشانگەی چیرۆکی "شێت" لە شاری سەقز

هونەرمەندێکی چیرۆکنووسی کوردی خەڵکی شاری سەقز لە هەڵوێستێکی جێگەی سەرنجدا پیشانگەیەکی لەژێر ناوی "پیشانگەی شێت" کردەوە.

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا: ڕەزا ڕۆستەمی هونەرمەندی چیرۆکنووسی کوردی خەڵکی شاری سەقز بۆ یەکەمین جار و بە شێوازێکی جیاواز لە پیشانگەکانی دیکە، پیشانگەیەکی کورتە چیرۆك خوێندنەوەی کردەوە.

ئەو شانۆنووسە کوردە رایگەیاندووە، ئەو پیشانگەیەی بە مەبەستی ئەوە کردۆتەوە، کە خوێنەری کورتە چیرۆك لەگەڵ دۆخێکی جیاواز بەرەوڕوو بکات کە هەتا ئێستا لە هیچ شوێنێکی جیهان هاوشێوەکەی نەیبینیوە.

ڕۆستەمی ئاماژەی بەوەش کردووە، خوێنەری چیرۆك کاتێك سەردانی پیشانگەکە دەکات و لەو دۆخەدا چیرۆك دەخوێنێتەوە، چیرۆکەکە لە زەینی خۆیدا وێنا دەکات و خۆی وەکوو پاڵەوانی ناو چیرۆکەکە دەبینێتەوە.

## بەڕێوەچوونی کۆنسێرتی شانۆیی بیرەوەریی نەمران لەشاری سنە

بۆ یەکەمین جار شانۆی "بیرەوەریی نەمران" لە دەرهێنانی ژنە هونەرمەندێکی کورد لە شاری سنە بەڕێوە دەچێت.

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا: ئەنجومەنی هونەرە شانۆییەکان، شانۆی کۆنسێرتی بووکەڵەیی لەژێر ناوی "بیرەوەریی نەمران" لە نووسینی عەلی یوونسی بانە و لە دەرهێنانی سارا بەهرامی، لە شاری سنە بەڕێوەچوو.

ئەو کۆنسێرتە شانۆییە لە رۆژانی ٧ هەتا ١٣ی مانگی ڕێبەندان و بە یارمەتیی گرووپی شانۆیی "تیك تاك"، هەموو رۆژێك کاتژمێر ٦ هەتا ٧ی ئێوارێ لە تەلاری "فەروەردین"ی شاری سنە بەڕێوەچووە.

ئەم بەرهەمە شانۆییە ئاوڕ لە چیرۆك و بەسەرهاتی ژیانی شاعیر و هونەرمەندە مەزنەکانی بواری مۆسیقای کوردستان ئەداتەوە.

لەو کۆنسێرتە شانۆییەدا، یادی هونەرمەندان و شاعیرانی وەکوو سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی، مەستوورە ئەردەڵان، حەسەن زیرەك، موجتەبا میرزادە و مەزهەر خالقی، دەکاتەوە.

سارا بەهرامی ئامانج لە بەڕێوەبردنی ئەو کۆنسێرتە شانۆییەی بۆ ناساندنی زیاتری هونەرمەندانی ناوداری کورد لە بوارە جۆراوجۆرەکانی هونەریدا گەڕاندۆتەوە و رایگەیاندووە: "هەوڵ ئەدەین بە شێوەیەکی شیاوتر خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردستان بکەین".

بەهرامی ژنە هونەرمەندی کورد لە دایکبووی شاری سنەیە و هەتا ئێستا زیاتر لە ١٢٠ شانۆی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لە وڵاتی ئێران بەڕێوە بردووە.




بێ دوان...

درێژەی لاپەڕە ٥

دیکە، مافی ئەوەی هەیە کە خۆی، خۆی بەڕێوە ببات.

کۆماری کوردستان لەو سەردەمەدا کە ڕاگەیەندرا و حکومەتی کۆماری هاتە ئاراوە، وەکوو حکوومەتێکی هەڕەمەکی و ناشارەزا و لە سەر ئەساسێکی دواکەوتوانە نەبوو، بەڵکوو لە سەر ئەساسێکی ئەمڕۆیی و مۆدێڕن بوو کە پەیامێکی مۆدێڕنی پێ بوو، پەیامێکی نوێی پێ بوو و لە سەر ئەساسێکی نوێ هاتە کایەوە. پەیامی ئازادی و دێموکراسیی پێ بوو. پەیامی ڕزگاری و یەکسانیی نەتەوەکانی پێ بوو.

ئێمە دەتوانین لە مێژوودا، بەیاننامەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، وەکوو بەیاننامەی سەربەخۆیی ئامریکا ناوی ببەین کە هەرچەند لە سەردەمی خۆیدا لە شوێنێکدا، لە شوێنێکی بەرتەسك و بچووکدا دامەزرا، بەڵام چوونکە پەیامێکی گەورە و گرینگی پێ بوو، بوو بە هێما، ڕەمز و سەمبوڵ بۆ نەتەوەی ئامریکا و کۆماری کوردستانیش بە هەمان شێوە، بە پەیامە گرینگەکەی، بە پەیامی سیاسی و دێموکراتیك و ئەمڕۆیی، بوو بە ڕەمز و هێمایەك بۆ نەتەوەی کورد کە لەو سەردەمەوە تا ئێستا و بۆ داهاتووش، نەتەوەی کورد شانازی بەو دەسکەوتەوە دەکات و لە سەر هەمان ڕێچکە و ڕێباز درێژە بە خەبات دەدات.

گرینگیی کۆماری کوردستان لەچیدا بوو بۆ ئێمە؟ ئێمە لە چەند بارەوە دەتوانین دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان هەڵسەنگێنین و بە سەدان جار و دەیان جار هەڵسەنگێندراوە. یەکەم خاڵ لە باری فکرییەوە لە باری هزر و بۆچوونەوە. کۆماری کوردستان، پەیامێکی یەکسانیخوازیی نەتەوەکانی پێ بوو کە نیشانیدا نەتەوەی کورد، نە ستەمکارە، نە هێرش بەرە، نە هێرش و ستەم و چەوسانەوەش قەبووڵ دەکات و پەیامی ئاشتی و پەیامی یەکسانیی نێوان نەتەوەکانی بۆ هەموو نەتەوەکانی ناوچەی پێ بوو. لە باری فکرییەوە پەیامی بەرابەری و یەکسانیی نێوان نەتەوەکانی پێ بوو.

لە باری سیاسییەوە کۆماری کوردستان، ئەزموونێکی سیاسی بوو کە دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی هێنایە کایەوە کە ئەرزشی بۆ ئینسانەکان دادەنا و ئێستاش ڕێبوارانی ڕێگای کۆمار، بە بایەخدان بەو ئەرزشانەی کە کۆماری هێنایە کایەوە، لە سەر هەمان ڕێباز و لە سەر هەمان کۆڵەکەکانی سیاسیی کۆمار و حیزبی دێموکراتی کوردستان کە کۆماری دامەزراند، درێژە بە خەباتی سیاسیی خۆیان دەدەن و قسەی سیاسییان پێیە. قسەیەك کە ئەوکات نوێ بوو، ئەمڕۆش نوێیە بۆ ناوچەکە. قسەیەك کە باس لە پێکەوە ژیانی نەتەوەکان، باس لە ئاشتی و ئازادی، باس لە یەکسانی مرۆڤەکان، باس لە مافی بەرابەر و جەوهەریی مرۆڤەکان دەکات.

کۆماری کوردستان لە باری مێژووییەوە سەلماندی کە نەتەوەیەك بە ناوی نەتەوەی کورد هەیە و نەمردووە و نامرێت. نەتەوەیەکی خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕە کە لە سەر مافەکانی خۆی سوورە و لە مێژووی خۆیدا سەلماندی، یەکێکی دیکە لە کۆڵەکەکانی بە نەتەوە بوونی خۆی سەلماند. وەك باس دەکرێ هەر نەتەوەیەك بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە نەتەوەیە، دەبێ خاوەنی چەند پارامێتری هاوبەش بێت، یەکێك لەو پارامێترانە، پارامێتری مێژووییە و کۆماری کوردستان وەکوو ئەزموونێکی مێژوویی بۆ نەتەوەی کورد ماوەتەوە و لە ئێستا و لە داهاتوویشدا، لە سەر هەمان بنکە و بارەگا، لە سەر هەمان ئەساس، نەتەوەی کورد ئیدیعای نەتەوەبوونی خۆی دەکات.

لە کۆماری کوردستاندا تەنیا ئەوە نەبوو کە لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا کۆماری کوردستان دابمەزرێت و ڕێبەرایەتی و کەسانێك کە لەو شارە و لەو دەوروبەرە ژیاون، ئەو کۆمارە دابمەزرێنن و بەڕێوەی ببەن، بەڵکوو خەڵکی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، هاوبەش بوون لە دامەزرانی ئەو کۆمارە و لە بەڕێوەبردنی ئەو کۆمارەدا. لە هەموو شار و شارۆچکەکان و لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا، خەڵکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز و نەتەوە خواز ڕوویان کردە مەهاباد، ڕوویان کردە پێتەختی کۆماری کوردستان و بە ئەوەی کە لە دەستیان هات لە پێناوی دامەزران و گەشەکردنی کۆماری کوردستاندا لە بواری فکری و ڕۆشنبیرییەوە خەبات و شۆڕش و موبارزەکردن و فیداکردنەوە، کەمیان نەهێنا. لە خۆی و ماکۆوە بگرە تا کرماشان و ئیلام، خەڵکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی ناوچەکانی کوردستان ڕوویان کردە قیبلەی کوردایەتی و خەباتی نەتەوایەتی. لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا، لە کوردستانی تورکیە و کوردستانی عێراق، شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازانی ئەو بەشانەش ڕوویان کردە ئەو هیوا نوێیەی کە لەو خاکەدا دامەزرابوو.

زۆر باس کراوە و پێویستە دووبارە یادێك لەو کەسانە بکەینەوە کە بە ڕۆحێکی نەتەوەییەوە لە پێناوی سەلماندنی بوونێکی نەتەوەییدا، بۆ گەییشتنی مافەکانی نەتەوەی کورد، لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە هاتنە مەهاباد و لە کۆماری کوردستاندا گیان فیداییان کرد. پێویستە یادێك لە شۆڕشگێڕانی بارزان بکەینەوە کە بە ڕێبەرایەتی مەرحووم مەلامستەفای بارزانی هاتنە ئەوێ، یادێك لە چوار ئەفسەرە بەناوبانگە شەهیدەکەی کوردستانی عێراق بکەینەوە کە لە کۆماری کوردستاندا خزمەتیان کردووە و دوایەش بە تاوانی ئەو خزمەتەی بە کورد کردبوویان، دوژمنانی کورد لە سێدارەیان دان.

کۆماری کوردستان، وەك وتمان ئەزموونێکی سیاسی، فکری و مێژوویی بوو بۆ کورد و هەر بۆیەش دوژمنان و نەیارانی کورد، چ ئەو کات و چ ئێستاش، هەوڵی سڕینەوە و ناشیرین کردنیان و بە لاڕێدا بردنی ئامانجەکان و پەیامەکانی داوە و لە سەرووی هەموویانەوە کۆماری ئیسلامییە کە بە پرۆژەی جۆراوجۆر و پرۆژەی بەربڵاو، هەوڵی چەواشەکردنی مێژوو دەدات و لە سەر هەموو بەشەکانی ئێران لە نێو هەموو نەتەوەکاندا لە سەر هەموو ئازادیخوازەکان کار دەکات و دەیهەوێ مێژووی ئەو بزاڤە ڕزگاریخوازانە و ئازادیخوازانە بە لاڕێدا ببات و سیمایەکی ناحەز بە نەوەکانی ئەمڕۆ نیشان بدات. هەر وەکوو قەڵەم بە موزد و موزدبگیرانی کۆماری ئیسلامی لەو بارەوە زۆریان نووسیوە کە کۆماری کوردستان بە لاڕێدا ببەن و وەکوو کۆمارێکی دەستکردی بێگانە و نۆکەری دەرەکی و بێگانە پێشانی بدەن. بەڵام مێژوو سەلماندی کە کۆماری کوردستان دەستکردی بێگانە نەبوو و لە زەرورەتێك و پێویستیی مێژوویی سەری هەڵدابوو و چوونکە لە سەر زەرورەت و پێویستیی مێژوویی سەری هەڵدابوو و لە نێو دڵی خەڵکدا دامەزرابوو و ڕێبەرانیشی لە نێو دڵی ئەو خەڵکە هەڵقوڵابوون، هەر لە پێناو مانەوە و ئازادیی ئەو خەڵکەدا گیانی خۆیانیان فیدا کرد و بوون بە ڕەمز. کۆماری کوردستان دەستکردی بێگانە و نۆکەری بێگانە نەبوو، ئەوەی کە نۆکەری بێگانە بوو حکومەتی داگیرکەر و حکومەتی ناوەندی لە ئێراندا بوو، لە سەردەمی قاجارییەکانەوە بەملاوە حکومەتی ئێران نۆکەری بێگانە و دەستکردی بێگانە بووە، لە سەردەمانی فەتحعەلی شای قاجاڕ بیگرە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت حکومەتی ناوەندی لە تاراندا، حکومەتی ئێران لە سەر ئەساسی چوار کۆلەکە دامەزراوە کە پێویستە لێرەدا ئاماژە بە چوار کۆڵەکەی دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێراندا بکەین.

یەکەم، سوڵتانێکی نەخوش و سەرەڕۆ و نەزان و ماڵ پەرەست، لەو کاتەوە تا ئێستا ئەگەر چاوی لێبکەین لە حاکمی یەکەم لە ئێراندا کە نەخش و سیمای سوڵتانێکی بە خووە گرتووە سوڵتانێك بووە نەخۆش، سەرەڕۆ و نەزان و ماڵ پەرەست.

دووهەم، دەربارێکی گەندەڵ و تاڵانچی لە دەوروبەری بووە چ ئەو کات و چ ئێستاش چاو لە دام و دەزگای حکومتی

**تەنانەت لە پێشنووسەکەیشیدا کە کۆمەڵێك خەڵك کیسەیان بۆ هەڵدووریوە، واتە چالاکیی حیزبی لە چوارچێوەی قانوونی کۆماری ئیسلامیدا، لەوێشدا دوباره پێیان دەڵێتەوە کە باسکردن لە کورد و کوردایەتی و کوردبوون و نەتەوەی جیاواز قەدەغەیە**

چ لە سەردەمی قاجاری و پەهلەوی و ئیستاش لە کۆماری ئیسلامیدا دەکرێ دەربارێکی گەندەڵ و تاڵانچی لە دەوری سوڵتان بووە. حکومەتەکانی یەك لە دوایەك نۆکەری بێگانە بووە، مەشهوورە کە لەلایەن ڕووس و ئینگلیز و فەرانسە و دوایەش ئەمریکا کە سەدری ئەعزەم و نوخست وەزیرەکان و حاکمەکانی ئێرانیان دیاری دەکرد، ڕقابەت بوو لە نێوان ئەمانەدا کە هەرکامەیان ئەم سەدرە ئەعزەمە کە لە لایان ڕووسەوە دییاری کراوە یا سەر بە ڕووسە پیلانیان بە دژ دەچنی کە ئینگلیز حکومەتێکی خۆی و سەدرەئەعزەمێکی سەربەخۆی بێنێتە سەرکار، ئەوە لە مێژووی ئێراندا و دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێراندا سەلمێندراوە و وای لێهاتووە کە چووتەوە ناو مەتەڵ و فولکلووری ئێرانەوە، ئەوەندە چووتەوە ناو ئەو خەڵکەوە کە هەموو شتێك بە پیلانی بێگانە دزانن چونکە پیلانەکانی بێگانە و نۆکەری حکومەتە دەست نیشاندە و بێگانەکان لە ئێراندا ئەوەندە قووڵ و ئەوەندە ئاشکرا بووە کە لە مێژووشدا ناشاردرێتەوە و ئیستاش هەر وایە، ئێستاش کە چاوی لێدەکەین ئەم حکومەتەی کە لە ئێراندا هەیە هەر حاکمێکی نەزان و سەرەڕۆ لە سەرەوەیە، دەوروبرێك و دەفتەرێك و بنیادێکی تاڵانچی و گەندەڵ بەڕێوەی دەبات و ئەو حکومەتانەی کە دێنە سەر کار هەر یەکەو دەیەوێت لە پێناو قازانجی وڵاتێکدا کار بکات و قازانج و بەرژەوەندییەکانی بۆ ئەوانە.

خاڵی چوارم و کۆڵەکەی چوارەم، سەرکوت و سەرەڕۆیی بووە، نۆکەری بۆ بێگانە و سەرکوت لە نێوخۆدا.

ئیستاشی لەگەڵدا بێت کۆماری ئیسلامی لە سەر هەمان شێوەیە. کە چاوێك لە دەوڵەتە یەك لە دوایەکانی ئیسلامیش دەکەین لە ماوەی ٣٥ ساڵدا هەرجارە قازانج و بەرژەوەندیی بۆ وڵات و بۆ شوێنك بووە ئیستاش حکومەتێك هاتووەتە سەرکار، زۆرتر دەبینین لە پێناو قازانج و بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێزی دیکەدا وەکوو ڕووس و یان شوێنێکی دیکەدا، کار دەکات و لە نێو خۆدا گەندەڵی و تاڵان بە ڕێوەیە و سەرکوت و سەرەڕۆیی بەڕێوەیە و نۆکەریی بۆ دەرەوە هەیە. کۆماری کوردستان نۆکەری بێگانە نەبوو بەڵکوو حکومەتە ناوەندییەکان لە ئێراندا نۆکەری بێگانە و دەست نیشاندەی بێگانە و سەرەڕۆ و ستەمکار بەرامبەر بە خەڵکی ئێران بوون.

لە سەردەمی ئێستادا کە چاوی لێ دەکرێ، لە ئێراندا کەسێکیان بە ناوی ڕووحانی بە سناریۆیەکی هەڵبژاردن هێناوە کە گوایە ئەمە هەڵبژاردنێکی دێموکراتیکە، بەڵام مافی بە سەر دێموکراتیك و هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانەوە نەبووە و نیە. ناوبراو هەندێ وەعدە و بەڵێنی دا کە کرانەوە و ئیعتدال و میانەڕەویی لە سیاسەتدا پەیڕەو دەکات و هەندێ کەسیش کە لە دەرەتانێك دەگەران کە وەسل ببن بە بارەگای حکومەتی کۆماری ئیسلامییەوە شاگەشکە ببوون کە ڕووحانی دێت و ئاڵوگۆڕ دێنێت و خەڵکیشیان چەواشە دەکرد کە ئەم حکومەتە نوێیە شتی نوێ پێیە، بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا کە ئاغای ڕووحانی هاتووەتە سەر کار سێ کاری گرینگی باس دەکەین بۆ ئەوەی کە بزانین ڕووحانی شتی نوێی بۆ خەڵکەکە پێیە یان نا. لە کۆنفرانسێکدا پاش بوونی بە سەرکۆمار، کاتێك پرسیاریان لێ کرد ئایا لە ئێراندا میللیەت و میللییەتی جیاواز هەیە، گۆتی لە ئێراندا شتێك بە ناوی میللیەت و میللەتی جیاواز نییە، ئەوەی لە ئێراندا هەیە وردە فەرهەنگە. وردە فەرهەنگیش بە پێی پێناسە کۆمەڵایەتییەکەی دەتوانین بە هەرچەند کەسێك کە پیشە و کارێکی هاوبەشیان هەبێت یا لە شوێنێك نزیك بە یەك ژیان دەکەن دەتوانن لە هەنێك ڕەفتار و هەڵسوکەوتدا نزیکایەتییان هەبێت دەوترێت. یانێ ئاستی داواکاری و واقعییەتی نەتەوەکانی ئێران دووبارە لە سەر هەمان سیاسەتی سەدساڵەی ڕابردوو حاشای لێ دەکرێت و باس لە وردە فەرهەنگیش دەکرێت یان لە خاڵێکی دیکەدا ئەو کەسانەی کە دەیانگۆت لە کۆماری ئیسلامیدا ئەگەری چاکسازی هەیە و ڕووحانیش شتی پێیە بۆ خەڵکی کورد و داواکارییەکانی کوردیان لە بەرپرسێك و ئوستانداریکدا کورت دەکردەوە و ئاستی داواکارییەکانی نەتەوەیەکیان دەهێنا خوارەوە بۆ نزمترین ئاست و بۆ ئەوەی مۆرەیەکی دەستکردی کۆماری ئیسلامی لە فلانە شوێندا، لەوانە دیاری بکرێت، ڕووحانی وەڵامێکیشی بەوان دایەوە. لە هەموو پارێزگەکانی کوردستاندا مۆرەی ئیتلاعاتی و ئەمنیەتی سپای پاسدارانی لە شوێنەکانی دیکەوە هێناوە و کردی بە ئوستاندار و پارێزگاری ئوستانەکانی کوردستان و کرمانشان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و ئیلام، وەزیرەکەی ڕووحانی دەڵێت لە ناوچەکەدا کەسێکی شیاومان نەدۆزییەوە کە بیکەین بە پارێزگاری کوردستان، یانی کەسێکی شیاوی خزمەتکار بە کۆماری ئیسلامی نابیننەوە لەو ئاستەدا خزمەتیان پێ بکات دەبێ لە ئاستی زۆر خوارتردا خزمەتیان پێ بکات.


لە تازەترین هەنگاویاندا ئاغای ڕووحانی و دەورووبەرەکەی پێشنۆسێکیان ئاشکرا کردووە بە ناو پێشنۆسی چالاکیی ئەحزاب کە حیزبایەتی لە ئێراندا چۆن بێت. ئەوەی کە باوەڕیان پێ نییە حیزبایەتی و حیزب و ئۆرگانیزاسیۆنی ئەمڕۆیی و مۆدێرنە، هەر وەکوو خومەینی گۆتی یەك حیزب هەیە "حیزب فەقەت حیزبوولڵا" و باقی حیزبەکانیان هەڵوەشاندەوە. ئیستا ئاغای ڕووحانی و دەورووبەرەکەی باس لەوە دەکەن کە ئێمە ڕێگای قانوونی بە ئەحزاب دەدەین. پێشنووسێکیان بڵاو کردوەتەوە کە لەو پێشنووسەیاندا کە دەیخوێنیتەوە لەسەرتاخواری باس لەوە دەکات کە کەسانێك کە دەیانهەوێ حیزب دابمەزرێنن، کەسانێك کە چالاکیی حیزبی دەکەن و حیزبێك کە دادەمەزرێ لە بەرنامەکەیدا دەبێ ئیلتزامی عەمەلی بە ویلایەتی فەیقیە هەبێت. وەڵامێکیشی بۆ کوردەکان پێیە، ئەو کەسانەی کە ڕەنگە کیسەیان بۆ ئاغای ڕووحانی هەڵدووریبێت، لە یەکێك لە خاڵەکانیدا باس لەوە دەکات کە ئەو ئەحزابەی کە دادەمەزرێت بە چ مەرجهایەك هەڵدەوەشێندرێنەوە، ئەگەر فلانە چالاکی بکەن هەڵیاندەوەشێنێتەوە، یەکێك لە مەرجەکانی ئەوەیە کە ئەگەر پەرە بە جوودایی و تەفرەقە لە نێو خەڵکدا بە کەڵکوەرگرتن لە جیایی تەنەوعە فەرهەنگی و قەومی و نژادی و ئاییینییەکان بدەن، ئەو ئەحزابە هەڵدەوەشێنێتەوە. یانی تەنانەت لە پێشنووسەکەیشیدا کە کۆمەڵێك خەڵك کیسەیان بۆ هەڵدووریوە، واتە چالاکیی حیزبی لە چوارچێوەی قانوونی کۆماری ئیسلامیدا، لەوێشدا دوباره پێیان دەڵێتەوە کە باسکردن لە کورد و کوردایەتی و کوردبوون و نەتەوەی جیاواز قەدەغەیە.

ئەمانە سیاسەتەکانی ئاغای ڕووحانییە لە نێوخۆدا بەرامبەر بە نەتەوەکان، بەڵام لەگەڵ دنیای دەرەوەدا وانییە. هەر وەك وتمان لە نێوخۆدا سەرکوت و سەرەڕۆیی بەردەوام بووە و لە پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا نۆکەری بێگانەن. ئێستاش دوای چەندین ساڵ بە هەدەردانی سەروەت و سامانی ئەو وڵاتە، دوای چەندین ساڵ فڕوفیشاڵ کە ئاوا دەکەین و ڕۆژئاوا بە چۆکدادێنین و مودیرییەتی نوێ نیشانی تەواوی جیهان دەدەین، دوای ئەو میلیاردها دۆلار سەروەتەی ئەم وڵاتە کە لە پێناوی سەرەڕۆییە ئەتۆمییەکانیاندا خەرجیان کرد و میلیاردها دۆلار زەرەریان لە سامانی ئەم وڵاتە لەبەر گەمارۆکان دا، ئێستا تەسلیمی بێگانە بوون و حازرن لە بەر چەند میلیاردێك کە لەم ٦ مانگەدا بۆیان ئازاد دەکرێ ئەو پرۆژانەیان ڕابگرن. دووبارە دەیسەلمێننەوە کە لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا نۆکەری بۆ بێگانە دەکەن و لە نێوخۆدا سەرەڕۆیی و سەرکوت دەکەن.

ئێمە ڕێبوارانی ڕێگای کۆمار، ئێمە هیواخوازانی دامەزرانەوەی کۆمارێکی دێموکراتیك بۆ نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی بندەست لە ئێراندا بە زانینی هەموو ئەو ڕاستییە مێژووییانە و بە زانینی هەموو ئەو ڕاستییانەی کە ئەمڕۆ هەیە، لەسەر ماف و داواکارییەکانی خۆمان سوورین، درێژە بە خەباتی خۆمان دەدەین، درێژە بە شۆڕشی خۆمان دەدەین و لە ئەستەمترین و دژوارترین بارودۆخ و قۆناغەکانیشدا

درێژەی لە لاپەڕە ٩

# وتووێژی گۆڤاری "والاپرێس" ژماره ٦٦ لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری



(بەشی پێنجەم)

**والاپرێس: کۆمێنتێکی دیکە دەڵێت پەکەکە و پژاك دەڵێن دێموکرات ئۆردوگانشینە، ئەگەر ئۆردوگانشینە بۆ داوای هاوکاریت لێ دەکەن؟**

هیجری: ئەگەر دانیشتبین و پاڵمان لێ دابێتەوە و هیچ نەکەین، ڕەنگە ئەو قسەیە برێك ڕاست بێت، بەڵام کار و تێکۆشانی حیزبی ئێمە هەر بەردەوام بووە و نەوەستاوە، پژاکیش وەك عەرزم کردی ئەوە دوو ساڵە ئاگربەستی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران ئیمزا کردووە و لە قەندیل دانیشتووە، فەرقەکەی ئەوەیە ئەو لە قەندیل دانیشتووە، ئێمە لێرە دانیشتووین، ئەگەر مەسەلە دانیشتن بێت.

**والاپرێس: مەبەستت ئەوەیە ئیمزا کردنی تاکتیکە؟ ئێران لەگەڵ پژاك دەیکات یان ئێران دەیەوێت دەستی پژاك ئاوەڵاتر بکات؟**

هیجری: نازانم چیان دەوێت، بەڵام ئەوەندە دەزانم ئاگربەستیان ئیمزا کردووە و دوو ساڵە هیچیش ناکەن.

**والاپرێس: بەوەدا پێ دەکەنی دیارە شتێك دەزانی کە لەنێوان ئێران و پژاك هەیە؟**

هیجری: من عەرزم کردی مەسەلەی پژاك مەسەلەی پەکەکەیە، پەکەکە پێی وتووە ئاگربەستەکە ئیمزا بکە، ئیمزای کردووە، ئەگەر سبەینێ بڵێ بیشکێنە، دەیشکێنێ.

**والاپرێس: کۆمێنتێکی دیکە دەڵێت هەردوو دێموکرات شەڕی خۆیان ڕاگەیاندووە لەگەڵ پەیەدە و پژاك و پەکەکە ئیتر هاوکاری چی واتا شەڕێکت هەیە؟**

هیجری: هیچ شەڕێکمان لەگەڵ هیچ لایەنێکی کوردی نیە، بەڵام لە هەمانحاڵدا خۆمان بە ملکەچی هیچ لایەك نازانین و لە هەر لایەنێك ئەگەر ڕەخنەمان هەبێت زۆر بە ڕاشکاوانە ڕەخنەی خۆمان دەڵێین و ڕەخنەگرتن بەمانای دوژمنایەتی و بەربەرەکانی نییە، پێم وایە هەر هێزێکیش خۆی بە دێموکرات بزانێت، دەبێت گوێی لە ڕەخنە بێت.

**والاپرێس: پاش دیدارەکەی تۆ لەگەڵ تەلەفیزیۆنی ڕووداو لەم ڕۆژانەدا پژاك تۆی بە هاوهەڵوێستی لەگەڵ قاعیدەی تیرۆریست تۆمەتبار کردووە، ڕاگەیاندنێکیان داوە کە مستەفا هیجری لەگەڵ قاعیدە هاوهەڵوێستە، بەو پێیەی کە تۆ وتووتە پەیەدە دیکتاتۆرە، ئەم بۆچوونە پێت وایە کارێکی نابەجێیە؟**

هیجری: لەمێژ ساڵە گوێمان لەو شێوە دەربڕینانە دەبێ. لە کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا ئێمە کە داوای سەرەتایترین مافەکانی گەلی کورد دەکەین و خەباتی بۆ دەکەین، پێمان دەڵێن ئەوە نۆکەری ئیسرائیلە، ئەوە نۆکەری ئەمریکایە، نازانم سەردەمێك دەیان گوت نۆکەری سۆڤیەتە و عادەتمان گرتووە بەو بەرچەسپانە، پێی ناڕەحەت نابین، ئەوە لە بۆچوون و فیکری بەرتەسکی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە تەنیا خۆیان بە ڕاست و حەق دەزانن و باقی دیکە بە ناحەق و ناڕەوا، بەو پێیە دەبێ هەموو کەس ملکەچیان بێ

درێژەی لە لاپەڕە ١٠

---

درێژەی لاپەڕە ٨

لەسەر داواکانی خۆمان سوورین، چونکە داوای ڕەوای نەتەوەیەکە کە قەت ناسڕێتەوە و فەرامۆش ناکرێت. کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دامەزرێنەری کۆمار و درێژەدەری ڕێبازی کۆمارە چەند پەیامی هەیە کە لێرەدا پێویستە ئاماژە بە پەیامەکانی کۆمار بکەینەوە. یەکەم پەیامی ئەوەیە کە ئێمە وەکوو کورد نەتەوەیەکین بە هەموو تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیەکی ئازاد و ئازادیخوازەوە کە قەت هیچ دوژمنێك ناتوانێت بمانسڕێتەوە و قەت ناسڕێینەوە و ڕۆژێك لە ڕۆژان دوبارە بوونی خۆمان دەسەلمێنینەوە و خاوەنی کیانی خۆمان دەبین.

پەیامێکی دیکەی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوەیە کە ئێمە خوازیاری ژیانێکی باشتر، ئاسوودەتر و شیاوی ژیانی ئەوڕۆیین بۆ خەڵك، خوازیاری ئەوە نین کە لیستی شەهیدەکانمان زۆر ببێت، پەیامی مەرگمان پێ نیە، پەیامی ژیانمان پێیە ژیانێکی باشتر و ئاسوودەتر بۆ هەموو خەڵك.

پەیامێکی دیکەی کۆمار و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوەیە کە ئێمە ئازادیمان دەوێت بۆ هەموو خەڵکی ئێران و بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران و بۆ نەتەوەی کورد و لە نێو نەتەوەی کوردیشدا بۆ هەموو خەڵك و بۆ هەموو گرووپ و بۆ هەموو تاکێك، ئازادییەکمان دەوێت کە تەنیا بۆ گرووپێکی تایبەت نەبێت و بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگا بێبەری لەو ئازادییە بێت، تەنیا درووشمی بریقەدار نەبێت، ئازادییەکمان دەوێت کە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بە سەر هەموو خەڵکدا دابەش کرابێت، ئەوانە هەندێك لەو پەیامە گرینگانەی کۆماری کوردستانن کە لێرەدا دوبارە پەیمان لەگەڵ ئەو پەیامانە نوێ دەکەینەوە و درێژەدەری ئەو ڕێبازە دەمێنینەوە.

لێرەدا پێویستە یادێك لە شەهیدانی سەربەرز و ڕووسووری گەلەکەمان شەهیدانی ڕێبازی کۆماری کوردستان و بەتایبەت شەهیدی تازەمان ئلیاس نووری کە لە پێناو بەرزڕاگرتنی یادی کۆماردا لە ناوچەی هەوشار شەهید بوو، بکەینەوە. لێرەدا ئیزن دەخوازم لە لایەنی دەفتەری سیاسییەوە، سڵاو بۆ بنەماڵەی هەموو شەهیدانی کوردستان بنێرین، هەموو بنەماڵەی ئەو شەهیدانەی کە لە پێناوی ئازادیی نیشتمانەکەیاندا گیانیان بەخت کردووە و ئەو بنەماڵانەی کە شانازی بە فیداکاری ڕۆڵەکانیانەوە دەکەن، سڵاو بنێرین بۆ بنەماڵەی هەموو تێکۆشەرانی گەل، سڵاو بنێرین بۆ هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات کە دڵیان بۆ دوبارە دامەزرانەوەی کیانێکی سیاسی لە چەشنی کۆماری کوردستان لێدەدات، سڵاو بنێرین بۆ هەموو زیندانیانی خۆڕاگری نێو زیندانەکانی ئێران، زیندانیانی سیاسی.

به هیوای ئەوەی کە نەتەوەی کورد و هەموو نەتەوەکانی ئێران بە مافی ڕەوای خۆیان بگەن

به هیوای نەمانی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی

به هیوای هاتنەدیی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ

---

## جووت حەوت

**هەوراز**

- ئەحمەد خاتەمی، ئیمام جومعەی کاتیی تاران دەڵێ: "بووعەلی سینا گوتی، من لە مانگا دەترسم، چونکە شاخی هەیە، بەڵام عەقلی نیە، ئەمریکاییەکانیش هەر وان". شایانی باسە خاتەمی سەبارەت بە قسەکانی باراك ئۆباماش گوتی، کاتێك کە سەرکۆماری ئەمریکا قسەی هەڵیت و پەڵیت (ئەراجیف) دژ بە ئێران دەکات، دەبێ ئێمەش هەر بە شێوەی خۆی وەڵامی بدەینەوە.
خاتەمی لە درێژەی ئەراجیفەکانیدا بۆ وەڵامی ئۆباما ڕوونی نەکردەوە کە بەرپرسی ئەو هەڵیتوپەڵیتانە هەر جەنابیان دەبێت، یان ڕێبەری موستەزعەفانی جیهان، یان سەردارانی زەلام و ئایاتی عیزام و حوجەجی ئیسلام؟
- سەرۆکی حیزبێکی خەیاڵی کە حیزبێکی ڕاستەقینە وای تێ گەیاندووە کە حیزبێك لە قەندیل هەیە و ئەو سەرکردەیەتی و لە پەتاتەفرۆشییەکەی خۆیەوە لە ئاڵمان شۆڕشێك بەڕێوە دەبات، دەڵێ: "ئێمە وەفادارین بەو ئاگربەستەی لەگەڵا کۆماری ئیسلامی ڕامانگەیاندووە". ئەو هێشتا پێی وایە شەڕێك لە ئارادابووە و ئەو ڕای گرتووە و باوەڕبەخۆبوونێکی ئەفسانەیی هەیە کە گوایە دنیا چاوەڕێن بزانن کەی فوو دەکاتەوە بە کەڕەنای شەڕدا. حاجیی مەککە نەدیو، پارتیزانی شاخ نەدیو، فەرماندەی بێ سەرباز و ئیمامی بێ ئوممەت، مەلای بێشاڵ و تەزبیح و مەندیل، موهەندیسە پیتزافرۆشەکەی قەندیل، پاش هێرشکردنە سەر حیزبە ڕاستەقینەکانی ڕۆژهەڵات، دەڵێ: "ئەوانەی شەر دندووکەی سیاسی دەخەنە نێو حیزبەکان، خزمەت بە کۆماری ئیسلامی دەکەن". شایانی باسە ئەو خزمەتە بۆ جەنابیان عەیب نیە و دەچێتە خانەی کوردایەتییەوە.
ئەو هەروەها دەڵێ: "ئێمە لەگەڵا هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پێوەندیمان باشە، تەنیا لەگەڵا ئەحزابی سوننەتی کێشەمان هەیە"، واتە تەنیا لەگەڵا ڕیشە کێشەیان هەیە و بە دوای داری بێ ڕیشەدا دەگەڕێن، فارس گوتەنی "کبوتر با کبوتر، باز با باز".
- عەبدولکەریم خەیامی، سەرۆکی دەزگای چاوەدێریی دەنگ و ڕەنگی ڕێژیم هێرشی کردە سەر ئەنیمەیشنی بەناوبانگی باب ئیسفەنجی کە گۆیا لەم کارتۆنەدا شتێك بە ناوی بنەماڵە بوونی نیە، هەموو شتێك لە دەوری تاك دەسووڕێتەوە، باب و ئۆختاپووس ڤیۆلۆن و کلارنێت دەژەنن، گەپ و گاڵتەی نابەجێ دەکەن و جیاوازیی نێوان کچ و کور دانانێن.
- ماوەتەوە بڵێ، لەو کارتۆنەدا ئاخوند و پێشنوێژ نیە، ریستورانی مام قرژاڵا "نمازخانە"ی نیە.
- ئۆختاپووس هەشت دەست و لاقی هەیە کە بۆ وەلی فەقیهی ئێمە جێگای ئێرەییە و ئاماژەیەك بۆ شکستی ئێمە لە شەری ٨ ساڵەدایە، زمانی فارسی بە زمانی فەرمی نەناسراوە، ژنیش بە مرۆڤ دەزانن و لە هەموو گرینگتر، مام قرژاڵا وەکوو سەرۆکی ڕێستورانەکە، نە ڕابردووی بەشداری لە شەڕی عیراقی هەیە و نە ڕواڵەتی لە ئینقلابی دەچێت.

درێژەی لاپەڕە ٩

و تەنیا پێیان هەڵبڵێت، هەر ئەو کاتەی فتوا دراوە دژی کوردی سووریە، دەفتەری سیاسیی ئێمە بەیاننامەی داوە و ئەوەمان مەحکووم کردووە. لەوێشدا داوامان کردووە هێزەکانی کوردی سووریە بە هەماهەنگی و پێکەوە بتوانن لەبەرامبەر ئەو هێزانەدا بەربەرەکانێ بکەن.

**والاپرێس: بۆچوونێك هەیە کە هێزەکانی ڕۆژئاوا، کوردەکانی ڕۆژئاوا دابەشبوون بەسەر سلێمانی، هەولێر، قەندیلدا. واتە مەبەستم ئەوەیە یەکیەتی و پارتی و پەکەکە دەخالەت لە ئیشی ئەوان دەکەن یان هەر یەکێك لەوانە وابەستەیە بەمانەوە، پێت وایە ئەمە ئەگەر ڕاستە تا چەند کاریگەریی دەبێت یان زەرەر دەدات لە کوردەکانی ڕۆژئاوا؟**

هیجری: من پێم وایە هەریەك لە پارتی و یەکیەتی کاریگەرییان هەیە لەسەر هێزەکانی کوردی ڕۆژئاوا، ئەوەش زەرەری داوە لە یەکگرتوویی کورد لەو بەشەدا.

**والاپرێس: تا کەی ئێوە لێرە لە کوردستانی باشوور ئۆردووگانشین دەبن، من هەست دەکەم ناڕەحەتی دەبینم بە دەموچاوی تۆوە، ڕاستە تۆ پێت وایە کوردستان موڵکی هەموو کەسێکە، بەڵام لەوانەیە جارویاریش وا بیر کەیەوە تا کەی ئێمە ئۆردووگانشین بین و لەوانەیە گلەیت لە یەکیەتی و پارتی هەبێت، لە ماوەی ڕابردوودا قوربانی زۆرتان داوە، ئێوە زیاتر لە ٣٠٠ کەستان تیرۆر کراوە لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا یان لەو ناوچە جوگرافییە دوو سکرتێرت شەهید بووە ئەرك و کاری ئەو هەموو خێزان و خانەوادەیە بەسەر شانی تۆ و حیزبەکەتەوەیە، بەهەمان شێوە حیزبەکانی دیکەش تا کەی وا دەبن، ئێستا باسی یەکگرتنەوەت کرد خەباتی چەکداری ناکەن و ڕێگا نییە بچنەوە و بەرەی جەبهەتان نییە، لە پشتەوە ئەمریکا ئێوە و هەموو مەنتیقەی ئێرانی لە چاوەڕوانیدا هێشتووەتەوە، دەمێك سازش دەکات، دەمێك هێرش دەکات بیر لەچی دەکەیەوە بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخ و قەیرانانە؟**

هیجری: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە ئێرەمان هەڵنەبژاردووە بۆ ئەوەی کە لێی بمێنینەوە یان هەرێمی کوردستانی عێراق هەڵبژاردنی خۆمان نەبوو، وەزعیەت و هەلومەرجەکە وای لێ کردووە کە ئێمە لەو ناوچەیەدا جێگیر بین، ئەوەش چونکە بۆ خۆمان دیاریمان نەکردووە، بۆ خۆمان هەڵمان نەبژاردووە، لێرە مانەوەمان پێ ناخۆشە، ئێمە هەمیشە چاوەڕوانین و ئیش دەکەین بۆ ئەوەی ڕۆژێك بگەڕێینەوە ناو خەڵکی خۆمان لە کوردستانی ئێراندا، لەنێو ئەواندا ئیشی خۆمان بکەین، ئەرکی ئێمەش ئەوەیە، بەڵام ئەو وەزعیەتە شتێك نییە کە بۆ خۆمان بەتەنیا بتوانین بیگۆڕین، دەبێت هەلومەرجەکە موناسب بێت لەگەڵ ئەوەی ئێمە پێمان ناخۆشە لێرە بمێنینەوە، لێرە ماندووین، خەڵکەکەش هەر ئەو چاوەڕوانییەی هەیە، بەڵام ئەوە شتێك نییە بەتەنیا بەهێز و توانای ئێمە جێبەجێ بێت، بۆیە عەرزم کردی لە پرسیارەکانی پێشوشدا ئێمە چاوەڕوانین دەرفەتێکی مناسب لەو پێوەندەدا بێتەپێشێ تا بتوانین لەنێو خەڵکی خۆماندا حزوورمان هەبێت.

**والاپرێس : شتێك لەخەیاڵتدایە کە کەی دەڕۆیتەوە بۆ کوردستانی ئێران؟**

هیجری: وەکو ڕێکەوت ناکرێت ڕێکەوتەکە دیاری بکەین، بەڵام من گەشبینم کە کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ هەموو زوڵم و زۆر و پارەی زۆر و ئیدۆلۆژییەکی دواکەوتوانە بە سەرکوت و زەبر و زەنگ توانیویەتی تا ئێستا خەڵکی ڕابگرێت، بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە، ئاڵوگۆڕەکانی

**وەك خۆم پێم وایە لە داهاتوودا کرماشان ببێتە ناوەندی کوردستانی ئێران**

*******

**بەڵێ، چونکە پێم وایە کرماشان گەورەترین شاری کوردە**

دنیا، ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵك لە ئێراندا، هەروەها وەزعیەتێکی ناموناسبی کۆماری ئیسلامی کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەیەتی، بە بۆچوونی من ناتوانێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، درێژە بەو دەسەڵاتە بدات و ئەو کاتەش دێت کە ئێمەش لەگەڵ هەموو ئازادیخوازانی ئێران لە نێو خەڵکی خۆماندا بین.

**والاپرێس: لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکەم شوێن کە تۆ دەچی کوێیە کە دەگەڕێیتەوە؟**

هیجری: هەر شارێك بۆ کار و تێکۆشان گونجاوتر بێت. لە ئێستاوە دیاری کردنی زەحمەتە.

**والاپرێس: لە خەیاڵتدا نییە؟**

هیجری: وەك خۆم پێم وایە لە داهاتوودا کرماشان ببێتە ناوەندی کوردستانی ئێران.

**والاپرێس: ئەگەر بۆت دەست بدات یەکەم شار دەچیتە کرماشان؟**

هیجری: بەڵێ، چونکە پێم وایە کرماشان گەورەترین شاری کوردە.

**والاپرێس: پرسیارێك بکەم ببورە ئەگەر جەنابت لە تاراوگە شەهید بووی، هیوادارم تەمەن درێژبیت، حەز دەکەی لە کوێ بتنێژن؟**

هیجری: پێم خۆش نییە لە تاراوگە شەهید بم.

**والاپرێس: دەڵێم ئەگەر بارودۆخەکە ئاوا ڕۆیشت؟**

هیجری: ئەگەر بارودۆخەکە ئاوا ڕۆیشت و من نەمام، حەتمەن وەسیەت دەکەم بمبەنەوە کوردستانی ئێران.

**والاپرێس: جموری ئیسلامی ڕێگا نادات ؟**

هیجری: دوای جمهوری ئیسلامی.

**والاپرێس : مەبەستم ئەو کات جمهوری ئیسلامی بۆ نموونە تۆ تەسەورت نەدەکرد شەهید قاسملوو شەهید بێت، بەڵام تەرمەکانیان لە پاریسە تۆ دەتەوێت لە کوێ بتنێژن؟**

هیجری: من دەمەوێت لێرە، لە کوردستان بمنێژن تا ئەو کاتەی دەکرێ تەرمەکەم بگەڕێننەوە کوردستانی خۆرهەڵات.

**والاپرێس: لە کوێ، لە چ شارێك هەر لە کۆیە؟**

هیجری: بەڵێ هەر لە کۆیە.

**والاپرێس: شوێنێکی دیکەت پێ باش نییە؟**

هیجری: نا کۆیەم پێ باشترە، چونکە زۆرتر هەر لێرە ماوینەتەوە.

**والاپرێس: ئەگەر کوردستانی ئێران ڕزگار بوو حەتمەن دەتەوێت لە شارەکەی خۆت بیت لە تەنیشت قازی و قاسملوو.**

هیجری: بەڵێ، بەس من خەڵکی مەهاباد نیم.

**والاپرێس: تۆ ڕۆژانە دەخوێنیتەوە؟**

هیجری: بەڵێ ئەوەندەی فرسەتم بێت دەخوێنمەوە.

**والاپرێس: چی زۆرتر دەخوێنیتەوە؟**

هیجری: زۆرتر دوو شت دەخوێنمەوە، یەکەم بەیانیان کە دێمە سەر ئیش لە پێشدا ئەو هاوڕێیانەی کە لێرە کارم لەگەڵ دەکەن لە ماڵپەڕەکاندا ئەو خەبەرانەی کە گرنگن لەسەر کوردستان و ئێران بۆم دێنن ئەوانە دەخوێنمەوە، بێجگە لەوەی لە ماڵەوە بێت، هەرچەن ئیشم زۆرە، هەرچەند فرسەتم بێت کتێب دەخوێنمەوە.

**والاپرێس: ئەوەی لە زەینتدا بێت کتێبێك کە لە گەنجییەوە خوێندبێتەوە کاریگەریی لەسەرت هەبووبێت چییە زۆر تەئسیری هەبووبێت؟**

هیجری: زۆر کتێبی وا هەیە کە تەئسیریان داناوە لە سەرەتاوە تا ئێستا.

**والاپرێس: ڕۆژنامەکانیش بەردەوام دەخوێنیتەوە؟**

هیجری: بەردەوام هەموویان نا، بەڵام ئەو ڕۆژنامانەی کە خەبەرێکیان تێدایە بۆ خوێندنەوە ببێت ئەو برادەرانە بۆم دەهێنن.

**والاپرێس: حەزت لە چ ڕەنگێکە لە ژیانتدا، ڕەنگێکی تایبەت هەیە؟**

هیجری: ڕەنگی سورمەیی زۆرتر دڵم پێوەیەتی.

**والاپرێس: چ شتێك لای تۆ زۆر موقەدەس و پیرۆزە لە ژیانتدا؟**

هیجری: ئامانجەکانم کە ڕزگاری نەتەوەی کوردن، بەگشتی بۆ من زۆر موقەدەسن.

**والاپرێس: چەند جار تا ئێستا هەوڵی تیرۆر کردنت دراوە؟**

هیجری: ئەوەندەی بۆ خۆم دەزانم دوو جار، بەڵام بە نهێنیش زۆر بووە.

**والاپرێس: ئێستاش هەوڵی دیکەش هەیە؟**

هیجری: ئێستاش هەوڵ هەیە، هەوڵی زۆر جدی هەیە.

**والاپرێس: تۆ ئەو هەموو مەسئولیات و دوژمنەکەشت گەورەیە، شەوان بە ئاسودەیی دەخەوی یان هەمیشە بە ترسەوە دەخەوی و هەمیشە نیگەرانی؟**

هیجری: ترس نا، بەڵام نیگەرانی هەیە، عادەتمان گرتووە بەو نیگەرانییە، دەیان ساڵە لەو حاڵەدا دەژیم لە ژێر بۆمباران و لەژێر مەترسیی تیرۆردا.

**والاپرێس: ناترسی؟**

هیجری: نەخێر.

**والاپرێس: واتا هیوایەتێکت هەیە لە ژیاندا؟**

هیجری: هیواکەم ئەوەیە کوردستانی ئێران ڕزگاری بێت، منیش بگەڕێمەوە و واز لە سیاسەت بهێنم و بتوانم ماوەی ژیانم بحەسێمەوە.

**والاپرێس: ئەو قسەیەی تۆ سەرنجم بۆ شتێك ڕادەکێشێت، فیدڵ کاسترۆ کاتی خۆی وای وت کە شۆڕشی کرد لە دارستانەکاندا و وتی دەگەڕێمەوە و بۆ خۆم دادەنیشم، پێم وایە خەڵکانی دیکەش وایان وت، من هەست دەکەم تۆش هەمان قسە دەکەیتەوە، پێم وانییە وازبێنیت لە دەسەڵات چ گرەنتییەك دەدەی بە من کە سبەینێ وازدەهێنی لە دەسەڵات؟**

هیجری: هیچ گرەنتیەك نییە، بەس بیر و بۆچوونی خۆمە، بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە درێژەدان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە لە سەرکردایەتیدا نە بە قازانجی ئەو کەسەیە نە بە قازانجی جووڵانەوەکەیە، ئەوەش کە تا ئێستا من ئەو بەرپرسیاریەتییەم قبووڵ کردووە، ڕاستییەکەی لەبەر ئەوە نییە پێمخۆشە، لەبەر ئەوەیە زەروورییەتەکە هەست پێ دەکەم لەگەڵ ئەو ئیعتیماد و باوەڕەی حیزبەکەم داویەتی بە من، دەنا شتێك نییە کە من پێم خۆش بێت، ئیستاش پێم خۆشە لە کۆنگرەیەکی دیکەدا یان لە کۆمیتەی ناوەندیدا یەکێکی دیکە هەبێت لە جێگای من دابنیشێت. لەو باوەڕەدام ئەوانەی لە تەمەنی سەرکردایەتیدا تەمەنیان دەچێتە سەرێ جێگەی خۆیان بەجێ بهێڵن بۆ ئەوەی جیلی گەنج کار بکەن و پێ بگەن، کەسایەتییەکان لەناو کورددا نەبەسترێنەوە بەوەی چەند کەسێکی دیار هەمیشە لە دەسەڵاتدا بن.

**والاپرێس: من هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا تۆ بەڵێنەکانی خۆت بەریتە سەر لە داهاتووی ڕزگارکردنی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کە ئەوە ئاواتی بەرێزتانە و لە دەسەڵات بێیتە خوارەوە و جێگا چۆڵ بکەیت بۆ خەڵکی دیکە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا نموونەیەکی جوان بێت و هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دیدارێکی وا ڕۆژنامەوانی ساز بکەین و هیوادارم**

**ئێمە هەمیشە چاوەڕوانین و ئیش دەکەین بۆ ئەوەی ڕۆژێك بگەڕێینەوە ناو خەڵکی خۆمان لە کوردستانی ئێراندا. لەنێو ئەواندا ئیشی خۆمان بکەین. ئەرکیئێمەش ئەوەیە. بەڵام ئەو وەزعیەتە شتێك نییە کە بۆ خۆمان بەتەنیا بتوانین بیگۆڕین**

**لەوێش دەرگاکەت وا کراوەبێت و وا سادە بژیت لەگەڵ خەڵك، لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان، نەك وەك ئەوەی چەند نموونەیەکم هەیە پێشتر کە بارودۆخەکە تەواو گۆڕاوە لای کەسەکان کە دەچنە پۆست و دەسەڵات هیوادارم وا بە سادەیی بمێنیتەوە.**

هیجری: من پێم وابێت هەروا دەمێنمەوە، چونکە پێم خۆشە ئەوەت عەرز بکەم من پێش ئەوەی ببمە ئەندامی حیزبی دێموکرات چاوەڕوانی ئەوەم نەبوو بێمە ڕێبەرایەتیی حیزب، پێشمەرگەیەك بووم. پێشتریش کەسایەتییەك بووم لە شاری خۆم ئیمکاناتم هەبووە، هەموو ئیمکاناتێکم هەبووە لەنێو خەڵکەکەی خۆمدا خۆشەویست بووم، مامۆستایەك بووم کە لەگەڵ گەنجەکان تێکەڵاویم هەبووە، ئەودەمیش هەڵسوکەوتم لەگەڵ گەنجەکان جیاوازیی هەبوو لەگەڵ مامۆستاکانی دیکە. پێم وابێت هەندێك تایبەتمەندیم هەبووە کە لە داهاتووشدا ئاڵوگۆڕێك بێتە پێشێ ئەو ژیانەی خۆم ناگۆڕمەوە بە ژیانێکی دیکە.

**والاپرێس : ئەگەر ناوی سیانی خۆتم پێ بڵێی؟**

هیجری: ناوم مستەفا محەمەد ئەمین ناسراو بە مستەفا هیجری

**والاپرێس: لە دایکبووی؟**

هیجری: ١٩٤٥/٣/٣

**والاپرێس: لە شاری؟**

هیجری: نەغەدە.

**والاپرێس: پلەی خوێندن؟**

هیجری: بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی فارسیدا لە دانشگای تاران تەواو کردووە.

**والاپرێس: خێزانداری؟**

هیجری: بەڵێ، چوار منالم هەیە، دوو کچ و دوو کوڕ.

**والاپرێس: هیچ کتێبێکت هەیە نووسراو؟**

هیجری: فرسەتم نەبووە

**والاپرێس: جگە لە زمانی کوردی و فارسی چ زمانێکی‌تر دەزانی؟**

هیجری: بڕێك ئینگلیزی و زمانی‌تورکی‌ئازەربایجانی.

**والاپرێس: پاسپۆتی بیانیت هەیە؟**

هیجری: بەڵێ

**والاپرێس: جینسیەی وڵاتێکی دیکەت وەرگرتووە؟**

هیجری: بەڵێ

**والاپرێس: ساڵی چەند پەیوەندیت کردووە بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە؟**

هیجری: ساڵی ١٩٨٠ دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا

**والاپرێس: ساڵی چەند یەکەم دەورە بووی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی؟**

هیجری: ساڵی ١٩٨٠ کاتێك کۆنگرەی حیزبی دێموکرات، کۆنگرەی چوارەم لە مەهاباد پێکهات لەوێ من هەڵبژێردرام وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

**والاپرێس: لەو ماوەیەدا هەمووی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی بوویت؟**

هیجری: بەڵێ دوای شەهیدبوونی د.سەعید من بووم بە سکرتێری حیزب، بەڵام لە کۆنگرەی دواییدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بوو بە سکرتێری حیزب، من وەك جێگری مامەوە و کارەکانم درێژە پێ دا.

**والاپرێس: تۆ لە کەیەوە سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە کۆنگرەی چەندەوە، ساڵی چەند؟**

هیجری: لە کۆنگرەی سێزدەوە، ئێستا دەبێتە دە ساڵ.

**والاپرێس: کاك مستەفا زۆر سوپاس، دەبێ بمبەخشی قسەکانمان زۆر بوو، بەس هیوادارم دیدارێکی باش بووبێت.**

هیجری: زەحمەتتان کێشا زۆر سوپاس بۆ ئێوەش.

# ئیسلامخوازەکان دوای مەشرووتە لە ئێراندا

ن: پەرویز جەبباری
و: حاجی ئاوە



**بەشی سێهەم**

ئەوان لە بنەما فیکرییەکان، بیروباوەڕەکان و نێوەرۆکی خۆیاندا خاڵی هاوبەشیان هەبوو لە دژایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا، مودێرنیتە، بیرۆکە دێموکراتیکەکان، بەشداریی سیاسیی خەڵك و بیروباوەڕە ئازادیخوازانە و پێشەنگبووندا . هەر چەند لە زۆرێك لە حاڵەتەکاندا بە بێدەنگی و بە شێوەی نەنووسراو کاریان بە ئەم یەکیەتیی فیکری و بیروباوەڕە دەکرد، یان بە بێدەنگی لایەوە تێدەپەڕین. بەڵام بەستێن و هۆکارگەلێکی جۆراوجۆری دوای مەشرووتە لە ئێراندا و بە هاتنە سەرکاری ڕەزاشا و تێوەگلانی مەشرووتە بەرەو دیکتاتۆریی ڕەزاشایی، بوو بە هۆی بەهێزبوونی بەرەی ئیسلامگەرایی و گەڕانەوەی فیقە و شەریعە بۆ بیاڤی سیاسەت و دەسەڵات. ڕەزاشایش لە کردەوەدا بە پشتیوانیی مەشرووتە و بە ناوی مەشرووتە و هەروەها لە نێو دڵی مەشرووتە، لە دژی مەشرووتە و بە دژایەتی لەگەڵ ئارمانەکان و بیرۆکەکانی ئەوان کاری کرد و ئەمە ڕەزاشا بوو کە بە لارێیەکانی خۆی و نەبوونی فام پێکردنێك لە ناخەوە لە مۆدێرنیتە، گەورەترین زەبری لە مەشرووتەدا. ئەو بە سیاسەتە هەڵەکانی خۆی لە شکڵگەلی دیکەدابەستێن و بواری بۆ ئیسلامگەراکان و شەریعەتخوازان ڕەخساند.

**٢. دامەزراندنی "حەوزەی عیلمییەی قوم" لە ساڵی ١٣٠٠:** دامەزراندنی ئەم ناوەندە ئایینیە لە ئێراندا لە لایەن عەبدولکەریم حایری یەزدییەوە، بوو بە هۆی چڕ بوونەوەی بەرنامە ئایینی و فێرکارییەکان لە حەوزەدا. ئەم پرسە بووبە هۆی ئەوەی جۆرێك ڕێکخستن و چڕبوونەوەی دەسەڵات بۆ ڕووحانییەکان و بەدواداچوونی کاروباری ئایینی ڕووحانییەکان، سیستمی سیاسی و خەڵك پێك بێت.هەر ئەم ڕێکخستن و چڕبوونەوەی ئاخووندگەلە بۆ فێرکاری و ڕووحانییەکان بۆ وانە گوتنەوە، ناوەندیەت و جەمسەری ڕۆڵگێڕان لە سیاسەتدا، شرۆڤەی دەسەڵات، چاوەدێری لە سەر دەسەڵات و هاوپێوەندییەکان لەگەڵ دەسەڵات و ڕکابەرییەکانی ئەوەی لە ئێرانی دوای مەشرووتە، پێکهێنا. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە مەشرووتە و بەرنامە هەڵقووڵاوەکان لەوەوە لە هەوڵی ئەوەدا بوون تاکوو لە بیاڤی فێرکاری، یاسایی و ئیدارەی کاروبارە ئایینی و مەعنەویەکانی کۆمەڵگا تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریی ڕووحانییەکان هاتە دەرێ. هەنگاوەکانی هێزە نائایینیەکان و پێشڕەو بۆ گۆڕان و هاتنەدەرەوە لە زاڵبوون و شرۆڤەی ئایینی لە فێرکاریی ئێراندا هەوڵێکی درێژخایەن و زۆر دژوار بووە."دەسپێکی دامەزراندنی قوتابخانەینوێ لە ئێراندا و پاشان زانکۆ، ڕاگەیاندنی شەڕێکی ئاشکرا لەگەڵ دامەزراوەی سوننەتی حەوزەی علمییە بوو کە بۆ سەدە یەك لە دوای یەکەکان دەسەڵاتی دامەزراوەی زانستیانەیبە دەستەوە بوو. ئەم شەڕە ئاشکرایە، تەنیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی بازنەی مەعرفەی سوننەت و سیستمی بیرکردنەوەی نوێخوازییەوە نەبوو، بەڵکوو پێش لە هەر شتێك شەڕ لە سەر سەرچاوە داراییەکان، دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی دیسان زەق دەکردەوە. بە پێچەوانەی ئورووپا، لە ئێراندا هاتنی نوێخوازی، بیری زانا ئایینیەکانی بە ململانێ زانستییەکان و ئیلاهیاتی لەسەر بانگەشەکەرانی جۆراوجۆری زانستی ئەزموونی و سرووشتی یان زانستە مرۆییەکان سەرقاڵ نەکرد. زانایان و ڕووحانییەکان پێش لەوەیکە نیگەرانی لاوازبوونی بنەماکانی سوننەت بن و لە سەر باوەڕەکانی جیهاننـاسی و مرۆڤناسی سەردەمی کۆن بابەتی بەرگریکارانە بنووسن. لەگەڵ ئەو پارێزەرانەی کە چووبوونە ئورووپا و لەوێ خوێندبوویان تێکەڵی ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بوون.(کۆماری ئیسلامی و سیستمی نوێی ڕووحانییەت، محەممەد مێهدی خەلەجی، ساڵی ١٣٧٠، ل ٧)

دامەزرێنەری حوزەی علمییەی قوم و بە شوێن ئەودا شوێنگرەکانیشی وەکوو ئایەتوڵڵا ئیسفەهانی، ئایەتوڵڵا بروجێردی و هەروەها تا ڕادەیەك ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری، گوڵپایەگانی و مرعشی، سوننەتی دەستێوەرنەدانی ڕووحانییەت لە سیاسەت و دەسەڵاتیان تا ڕادەیەك درێژە دا. ئەم بازنە لە ڕووحانیەتی سوننەتی و پارێزکار بە جۆرێك تەنیا بە کاروباری فێرکاری، پەروەردەو پاسەوانی لە سوننەتی ئایین قایل دەبوون و خۆیان زۆرتر پێبەند بە پاسەوانی لە شەریعە و ئایینی شێعە دەزانی. تا پێکهێنان و بونیادنانی فەرمانی حکوومەتی ئیسلامی یان دژایەتی و خەبات لەگەڵ دامەزراوەی سەڵتەنەت کە خۆی پێبەند بە پاراستنی ئیسلام و ئایینی شێعە لە ئێران دەزانی، ئەمە سوننەتێکی نەنووسراو و پێویستی هێنەر لە مێژووی سەڵتەنەت لە ئێران لە نێوان ڕووحانییەت و دامەزراوەی سەڵتەنەت لە سەفەوییە بەملاوە بوو. لەم ڕێگایەدا، بەردەوام سیستمی سەڵتەنەتی بەرپرسایەتی و باوەڕی خۆی جێبەجێ کردووە. بەڵام هەر ئەم سوننەتخوازاە ڕووحانیانە کە پێبەندبوون بە سنووربەندیی نێوان بیاڤی ئایینی و سیاسیەکان لە دەسەڵاتی سیاسیدا بوون. هیچکات بە شێوەی بنەڕەتی هەنگاویان بۆ بیاڤی بابەتە فیکرییەکان، ململانێ زانستییەکان و دوڕدۆنگیی بیروباوەڕەکان لە بواری بووناسی یان بیاڤی زانستە نوێیەکان هەنگاویان هەڵێنا. ئەم بەشە لە ڕووحانیەت کە سیاسیکار نین، جەختیان لە سەر هەر ئەو سوننەتی مێژوویی ئایینی شێعە و پاسەوانی لە شەریعە لە بەرابەر لۆژیکی ڕخنەگرانە دەکردەوە و هەر بەوەیشەوە سەرقاڵ بوون. بەڵام لەم ڕێگەیەدا هەوڵیاندا تاکوو لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی، هەر ئەو پوانانە یان بەشێك لەوانە بپارێزن، بەتایبەت شرۆڤە و سەرپەرەستیی کاروبارەکان و تێگەیشتن لە ئایین بۆ ڕێنوێنی و بەڕێوەبەریی بەشی بیروباوەڕی کۆمەڵگایان بە دەستەوە بوو. ئەوان لە زۆرێك لە حاڵەتەکاندا لە بەرامبەر تیۆرییە زانستییەکان و پێشهاتەکانی ئەو لە گۆڕەپانی تێکنۆلۆژی و زانستی نوێ بەرگریان کرد. ئەو تەنیا کاتێك کەڵکوەرگرتن لە زانست و شرۆڤەی خۆیان لە ئەو قەبووڵکرد کاتێك بوو کە لە ئاراستەی ئامانجەکانی خۆیان و ڕازیبوونی بیروباوەڕی ئەوان دەیتوانی سوودهێنەر بێ. بە گشتی دەسەڵاتدارانی ئێران لە دوای سەفەوییە لەگەڵ ئەم بابەتە، هاورێی و بەشداری ڕووحانییەت لە دەسەڵاتی سیاسی یان شرۆڤە و ڕەوایی دان بە دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن ڕووحانییەت و زاناکانی شێعە لە ئێران کێشەیەکیان نەبوو. ڕەگی مێژوویی و ڕێکەوتنی دەسەڵات لەگەڵ دامەزراوەی ئایین لە ئێرانی شێعەیشدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەفەوییە.

لە سەرچاوەکانی سەردەمی سەفەوییە بەڵگەکەلێك کە نیشاندەری بوونی بەرپرسێکی ئایینیی نیوەفەرمی بە ناوی " خاتم المجتهدین" یان " مجتهد الزمانی"یەبەرچاو دەکەوێ. هەڵگری ئەم نازناوە لە حکوومەتی سەفەوییەدا بە جێگری ئیمامی زەمان دەزانرێت و پاشا سەفەوییەکان خۆیان بە جێگری ئەو دەزانی. بە سەرنجدان بەم پێوەندییە، شای سەفەوی بە شێوەی ناڕاستەوخۆ جێگری ئیمام زەمان بەئەژمار دەهات و بەمشێوەیە پرسی داگیرکردنی حکوومەت کە شێعە ئەوی تایبەت بە ئیمامەکانی خۆی دەزانی، لە سەر ڕێگە هەڵگیرا و هەم دامەزرێنەران و هەم هەڵگری ئەم نازناوە لە سەرانسەری سەردەمی سەفەوی . جگە لە دوو حاڵەت . ڕووحانییەکانی "جبل عامل" بوون و هەر ئەم بەرپرسایەتییە ڕۆڵ و بایەخێکی تایبەتیی بەوان دەدا.

کۆچبەرانێك کە لەگەڵ حکوومەتی سەفەوی پێکەوەگونجان و هاوئاهەنگییان نیشاندا، جیا لە وەرگرتنی بەرپرسایەتیی خاتم المجتهدین و گەیشتن بە پلەکانی شیخولئیسلامی، سەرۆکایەتی و تەنانەت وەزیربوونیش لەم حکوومەتەدا هەوڵیاندا بە شێوەی تیۆری و لای خەڵکی ڕەشۆکدا بە شێوەگەلی جۆراوجۆر ڕەوایی بەحکوومەتی سەفەویببەخشن. ئەوان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە حکوومەتی سەفەوی لەگەڵ دەوڵەتی ئیمام زەمان پێوەند دەدرێت. ئەوان تەنانەت وتیان کە ئیمامەکانی شێعە سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوییان پێش بینی کردبوو. ئەوان پلەگەلێکی وەك پێش نوێژی، شێخولئیسلامی، سەرۆکایەتی، وەزیربوون و گرینگتر لە هەموویان بەرپرسایەتیی پێشەوای ئایینیی کۆمەڵگای ئێران کە پلەیەکی نافەرمی بەڵام پڕدەسەڵات بوو، بەدەستهێنا. ئەوان لە سەڵتەنەتی شاعەباسدا، سەرپەرەستیی زۆرێك لە کاروبارەکانیان دەکرد و تەنانەت سەرۆکایەتی و وەزارەتیشیان بەدەستهێنا و بەرپرسایەتیی پڕبەهای مجتهدالزمانی یان خاتم المجتهدینیان بە دەستهێنا( مێهدی فەراهانی مونفەرێد، کۆچکردنی زانا شێعەکان لە جبل عامل بۆ ئێران، چاپەمەنی ئەمیر کەبیر، ساڵی ١٣٧٧، ل ٢١٤ و ٢١٥.)

لەم نێوەدا هاو پێوەندیو هاوکارییە بەردەوامەکان بە شێوەی جۆراوجۆر لە سەردەمی قاجار و دەسەڵاتدارانی دیکەیناوەندی لە ئێران بەردەوام بوو. ئەم دەستڕۆیشتوویی، پێوەندیی، کۆدەنگی و ڕێکەوتنانە لە نێوان دامەزراوەی ئایین و دامەزراوەی سەڵتەنەت یان دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە لەبەرچاو گیراوە. لە نێو بنەماڵەی سەڵتەنەتی پەهلەویشدا، بیروباوەڕێکی ئایینیی پێبەند بە شەریعەی ئیسلام و پاسەوانی لەو هەبوو. ئەوانلەم بوارەدا، هەموو هەوڵی خۆیان لە ئێران و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کە کۆمەڵگای شێعە و شوێنە پیرۆزەکانی شێعەی تێدابوو خستەگڕ. ئەوان لە بنەڕەتدا لەگەڵ ڕۆڵێك کە بۆ ڕووحانییەت پێناسەکرابوو کێشەیان نەبوو. بەو شێوەیە کە باسکرا پێکهێنانی بیاڤی ئایینی لە ئێراندا لە وەڵامی دڕدۆنگییە زانستییەکان، لێکۆڵینەوە و شرۆڤەی دەقە زانستی و ئایینییەکان بە ڕوانینێکی ڕخنەگرانە و ئێپیستمۆلۆژی نەبوو، بەڵکوو زۆرتر لە هەوڵی پاراستن و پەرەپێدانی دەسەڵاتی شەریعەت لە نێو خەڵك و بەدەستهێنانی دەسەڵات و پێگەی ئایینی شێعەدا بووە. لەم گۆشەنیگاییەوە بوو کە ڕووحانییەت نەیاندەتوانی ڕێبەر و ئاڵاهەڵگری ڕاستەقینە بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا بن.

بەڵام بە پێکهاتنی حەوزەی عیلمییە لەم ساڵانەدا، سانترالیزە و هاوسەنگیی هێز لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێراندا پێکدێ. هێزە ئایینییەکان بە تایبەتمەندییەکانی خۆیان هاتنە نێو گوتمانی دەسەڵاتەوە. ئەم هەلومەرجە لە کاتێکدا دێتەگۆڕێ کە بیرۆکە، بیروباوەڕ و ئارمانەکانی مەشرووتییەت بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی و بنەمایی لە ئێراندا لە بیاڤەکانی سیاسی، حقوقی، ئابووری، ئیداریی، فەلسەفی و هتد ئەنجام نەدراوە. هەرلە دڵی ئەم دامەزراوە ئایینی، پەروەردەیی و فێرکاریی تازە دامەزراو( دەستێوەرنەدان لە سیاسەت جێی سەرنجی هەموو بەڕێوەبەرەکانی) بە رواڵەتی سوننەتی بەڵام پاسەوانی شەریعەت، هێزە رادیکاڵەکان، دژی مەشرووتە، دژی مودێرنیتە، دژی سکولاریسم، دژی ئازادی، دژی سەڵتەنەت و خوازیاری دامەزراندنی حکوومەتێکی ئایینی گەشەیان کرد و سەریانهەڵدا. مانەوەی دامەزراوەی ئایین لە ئێراندا لە چوارچێوەی حەوزە لە دوای مەشرووتییەت، نەبوونی گۆڕانکاریی هزری و زانستی لە چوارچێوەی تیۆرییە رخنەگرەکان سەبارەت بە دیاردەکۆمەڵایەتی و فیکرییەکان وەك مودێرنیتە لە نێو گەورەکانی ئایین و فیقە لە ئێرانی شێعەدا، بوو بە هۆی ئەوەیکە لە دەیەکانی دواتردا هەر ئەم ڕووحانییەتە کە جەختی لە سەر باوەڕە ئایینی و سوننەت دەکردەوە بە چاوەڕوانییەکی زۆرترەوە بگەڕینەوە بۆ بیاڤی دەسەڵات و سیاسەت لە ئێراندا. لە بنەڕەتدا بە پێچەوانەی ڕۆژئاوا، لە دامەزراوەی ئایین لە ئێراندا، نە لە نێوخۆ لەلایەن زانایانی خۆیەوە و نە لە دەرەوە لەلایەن رخنەگرانەوە، گۆڕانکاریەك رووی نەداوە. هەر شتێك کە بوو شێوازێکی تەقیەی ئایینی لە نێوخۆ و سیاسەت و بەرنامەیەك بوو لە لایەن رووناکبیران و رخنەگرانی ئایینی لە دەرەوە. لە روانگەی حقوقی و پێوەندییەکانی دامەزراوەی ئایین لەگەڵ دەسەڵات، یاسا، فێرکاری و پێوەندییەکان لەگەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە گۆڕانێك ئەنجام نەدراوە. یا ئەوەیکە مەرج و پێشمەرجە یاسایی و پێبەندکەرەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە بە شێوەی بنەڕەتی بە سەریدا نەسەپا، بەڵام لە رۆژئاوا وەرچەرخان لە چەمکە ئایینییەکاندا بۆ زانایانی ئایینی و دژبەرانی کلێسە، پرۆسەیەکی مێژوویی بڕیبوو. بە شیوەیەکی بنەڕەتی بیرۆکەکانی مودێرنیتە و لە بنەمادا ئومانیسم لە رۆژئاوا لە ئەنجامی وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکان لە کلێسە و ئایینزادا( ئایینی مەسیحی) بیچمی گرت. بەرتەسکایەتی لە بیاڤەکانی فێرکاری، دەسەڵات و پرۆگرامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامی شۆڕشە سیاسی ـ فیکرییەکان لە ئورووپا بە سەر کلێسەدا دادەسەپێ. ئاستی کاریگەری و دەسەڵاتی کلێسە لە بواری فێرکاری، یاسا و یاسادانەری، سەرچاوەکانی دادوەری، سیاسەت و زۆریەك لە خاڵەکانی دیکە بە ئەنجام دەگات. بەشێك لەوە لەلایەن ئەو چاکسازیخوازانەوە کە لە ناخی مەسیحیەت و کنیسە لە درێژەی چەندین ساڵدا رادەپەڕن، دژی دەسەڵات و هێزی نارەوای کنیسە بەڕێوەدەچن. بەشێکی زۆرتری بە هۆی کۆمەڵێك تیۆریی لە بیاڤەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و خاوەنڕایانی چەمکە سیاسییەکان لە کەوشەنی گرێبەستە کۆمەڵایەتی، مافی سیاسی و بنەڕەتی، مافی سرووشتی و هتددا بە ئەنجام دەگات کە بە گشتی رۆڵ و گرینگیی گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان، خەڵك، بەشداری و کونترۆڵی دەسەڵاتی بەدواوەیە. لەم نێوانەدا شۆڕشی مەزنی فەرانسە و سەرهەڵدانی تیۆرییە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکان لە وشکارۆی ئورووپا خێراییەکی تایبەت دەدات بە وەرچەرخانی ئەندێشە و بیرۆکەی مرۆیی لە چوارچێوەی مودێرنیتەدا.

**کۆتایی بەشی سێهەم**

**درێژەی هەیە...**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 622 ■ 4 Feb 2014

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


## چاندنی گەنم و بیبەر لە بۆشایی ئاسمان



زانایەکی ڕووسی سەرکەوتنی کەشتیوانەکانی وڵاتەکەی لە چاندنی چەندین بەرهەمی کشتوکاڵی لەسەر کەشتی ئاسمانیی نێودەوڵەتی ڕاگەیاند کە لە نێویدا بیبەر و گەنم و هەندێك میوەی دیکە هەیە.

مارگارێتا لیڤینسك گوتی زانا ڕووسەکان دەیانهەوێ بەرهەمی کشتوکاڵیی زیاتر ببەنە وێستگە نێودەوڵەتییەکە و پاش ئەوەی شەتڵگەیەك بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کرا، تەماتە و برنج بەرهەم بێنن کە ئەمە بەرهەمی هاریکاریی نێوان ویستگە ئاسمانییەکە و زانکۆی داکۆتای ئەمریکاییە.

زانایانی ڕووسیە ئێستا لێکۆڵینەوە لەسەر وردەکاریی بەرهەمە چێنراوەکانی ئاسمان دەکەن تاکوو لەوە دڵنیابن کە لەکاتی بەکارهێنانیدا زیانی بۆ مرۆڤ نابێت.

لەلایەن گەردووناسانەوە بایەخێکی زۆر بە چاندنی بەرهەمی کشتوکاڵی لە بۆشایی ئاسماندا دەدرێت.

## فەیس بووک لە یەک کاتژمێردا ٩٠٠ هەزار دۆلار قازانج دەکات




بەپێی توێژینەوەیك کە دەربارەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە لە ماوەی یەك کاتژمێردا نزیکەی ٩٠٠ هەزار دۆلار قازانج دەکات.

بەپێی توێژینەوەکە، هەرچەندە سەرەتا فەیس بووك وەك تۆڕێکی کات بەسەر بردن دروستکرا، بەڵام ئێستا ئەندامانی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە گەیشتووەتە یەك میلیارد و ٢٣٠ ملیۆن کەس و ڕۆژانەش لە زیادبووندایە.

هەر لە توێژینەوەکەدا هاتووە کە داهاتی ساڵی ٢٠١٣ی فەیسبووك گەیشتە نزیکەی ٧ میلیارد و ٩٠٠ ملیۆن دۆلار.

ئەگەر داهاتەکەی دابەش بکەین ئەوا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت: لە مانگێك ٦٥٨ ملیۆن دۆلار بووە، لە حەوتوویەکدا ١٤٦ ملیۆن دۆلار، لەڕۆژێکدا ٢١.٦ ملیۆن دۆلار، لە کاتژمێرێکدا ٩٠٠هەزار دۆلار و لەخولەکێکدا ١٥ هەزار دۆلار بووە.

لەتوێژینەوەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە کە ئێستا سامانی خاوەنی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك گەیشتووەتە ٣٨ میلیارد و ٨٠٠ ملیۆن دۆلار، هەروەها ئەوانەی ڕۆژانە وەك تووشبوو فەیسبووك بەکار دێنن نزیکەی ٢٧٠ ملیۆن کەسن و ڕۆژانە بەلایەنی کەم پێنج جار سەردانی دەکەن.

ڕۆژانەش لە هەر چرکەیەکدا پێنج کەسی دیکە لە فەیسبووك پەیج دروست دەکەن.

## موزیک شێرپەنجە چارەسەر دەکات



لەتوێژینەوەیەکدا کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە کە موزیك چارەسەری شێرپەنجە دەکات.

بەپێی هەواڵی بی بی سی، ئەو توێژینەوەی کە لە زانکۆی ئیندیانا ئەنجامدراوە دەریخستوە کە موزیك چارەسەری شێرپەنجەی لاوان دەکات، لەو توێژینەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە لاوان بەشدارییان کردوە و بۆماوەی سێ حەوتوو ڕۆژانە گوێیان لەموزیك دەگرت و گۆرانییەکەیان دەنوسییەوە و چێژیان لە پرۆسەکە وەردەگرت، دوای ماوەی سێ حەوتوو چونەوە ماڵەوە و بەشێوەیەکی ڕێکخراو گوێیان لەموزیك دەگرت و سەیری ڤیدیۆی بەسودیان دەگرت.

بەپێی توێژینەوەکە، ئەو چارەسەرە دەبێتە هۆی ئەوەی توشبوان بە شێرپەنجە لەگەڵ دەوروبەردا پەیوەندییەکی زۆر باشیان هەبێت و بە شێوەیەکی زۆر چاك چارەسەرەکانیان وەربگرن و بەو شێوەیە ئەگەری چاکبونەوەیان زۆر بەرز دەبێتەوە.

سەرۆکی توێژەران، جۆن هاسی، ڕایگەیاند "گەنجان توانایەکی زۆریان هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر شێرپەنجەدا، گوێگرتن لە موزیکیش یەکێکە لەو ڕێگایانەی پەرە بەو توانایەیان دەدات و دەتوانن بە شێوەیەکی زۆر ئاسان ژیان تێپەڕ بکەن و ئەگەری چاکبونەوەیان زۆر زیاددەکات".

## زایـەڵـە

فاتیح ساڵحی

### هەموو وادەکانی سەرکۆمار (مادەی حەوتەم)

حەسەن ڕووحانی لە مەنشووری سێهەمی خۆیدا کە تایبەت بوو بە مافی نەتەوەکانی ئێران و کەمایەتییە ئایینییەکان بە شێوەیەکی پۆلێنبەندی کراو ١٠ وادەی دیاریکراوی دا بەو کەسانەی کە مەبەستی مەنشوورەکەی بوون. بەڵام تا ئێستا بە شێوەیەکی گشتی هیچکام لەم وادانە نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە و بەو هێمایانەی کە تا ئەمڕۆ لە چییەتی و نێوەڕکی ئەم دەوڵەتە دەرکەوتوون، وێناچێ کە وادەکانی خۆی بباتە سەر و جارێکی دیکە سەلما، نەتەوەکانی ئێران تەنیا لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا دەبن بە تەوەری وادە و بڵێنییەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پاش کۆتایی هاتن بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان تا هەڵبژاردنێکی دیکە فەرامۆش دەکرێن و ئەم هەڵاواردنە ڕاستییەکە کە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە.

مادەی حەوتەم: "ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی و کۆکردنەوەی بەرنامەی درێژخان و کورت خایەن لە بەشە ژێرخانییەکان، ئاوەدانکردنەوە، ئابووری و فەرهەنگی . کۆمەڵایەتی لە ناوچە بەشخوراو و سنوورییەکاندا بە تایبەت ئەو پارێزگانەی کە لە درێژەی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق خەساری زۆریان بەرکەوتووە بە تەرخانکردنی بوودجەی زیاد لە ئاستی خۆیان بە مەبەستی قەرەبوو کردنەوەی دواکەوتوویەکانیان."

هەروەك هەمووان ئاگادارن زۆری نەخایاند کە ئەم وادەیەی حەسەن ڕووحانی بوو بە بڵقی سەر ئاو و پاش نزیك بە شەش مانگ لە هاتنە سەرکاری و لە دەسپێکی دیاریکردنی بوودجەی گشتی وڵات و ناردنی بۆ مەجلیسی شۆرای ئیسلامی بوودجەی ئەو شوێنانەی کە لەم وادەیەی حەسەن ڕووحانیدا جەختیان لەسەر کرابوو بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردبوو. بە تایبەت پارێزگاکانی کوردستان، ئیلام، کرماشان و خووزستان و هەروەها سیستان و بەلووچستان. هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەیکە نوێنەرانی ئەم پارێزگایانە لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامیدا لە خۆیان دژکردەوە پیشان بدەن و لە ساحەی مەجلیسدا بە نارەزایتی دەربڕین لەهەمبەر ئەم کارەی حەسەن ڕووحانی دەست لە کار کێشانەوەی خۆیان ڕابگەیەنن. هەرچەند ئەم نوێنەرانە نەیانتوانی قسەکەی خۆیان ببەن سەر و پاش ماوەیەك دەس لە کار کێشانەوەکەی خۆیان وەرگرتەوە بەڵام بە گشتی دەوڵەتی "چارەئەندێشی و ئومێد"یش وەك دەوڵەتەکانی پێشوو بە کردەوە پیشانی دا کە هیچ بایەخێك بۆ نەتەوەکانی ئێران و ناوچە سنوورییەکان ـ ئەڵبەت لە بواری ئابووری و فەرهەنگی نەك ئەمنیەتیی و پۆلیسی ـ دانانێ و تەنیا بە مەبەستی چەواشە کردنی بیروڕای گشتی ناوە ناوە بە قسە باسێکیان لێوە دەکات.

هەر بۆیە بە ئاشکرا دەرکەوت کە ئەم وادەیەی ڕووحانیش وەك وادەکانی دیکەی تەنیا درۆیەکی هەڵبژاردنی بوو و لە نێوەڕۆکی خۆیدا لە واتا بەتاڵ بوو.